# ڕزگاریی ژنان چۆن بەدیدێت؟

**٨ی مارس؛**

**ڕۆژی جیهانیی ژنان**



# ڕزگاریی ژنان چۆن بەدیدێت؟

## ٨ی مارس؛ ڕۆژی جیهانیی ژنان

# ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ناوی بابەت:** ڕزگاریی ژنان چۆن بەدیدێت؟

**نووسەر:** چەند نووسەرێك

**وەرگێڕانی:** چەند وەرگێڕێك

**بڵاوکەرەوە:** ماڵپەڕی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال (isk21.org)

**لە بەرهەمەکانی:** ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٩

# ڕۆژی جیهانیی ژنان

**ئەلێکساندرا کۆلونتای**

**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان**

## مەراسیمی شۆڕشگێرانە

رۆژی ژنان یان ڕۆژی ژنانی کرێکار، ڕۆژێکە بۆ هاوپشتی ئەنتەرناسیونالی، ڕۆژی پێداچوونەوەیە بە ڕێکخراوبوونی ژنانی کرێکاردا. بەڵام ئەم ڕۆژە تایبەت نیە تەنها بە ژنان. 8ی مارس ڕۆژێکی مێژووی و لە بیرنەچووەیە بۆ کرێکاران و جوتیاران، بۆ تەواوی کرێکاران لە ڕوسیا و هەروەها گشت کرێکاران لە جیهان دا.

لەم ڕۆژەدا لە ساڵی 1917 شۆڕشی شوباتی مەزن هەڵگیرسا.(1) ژنانی کرێکار لە شاری پترۆگراد دەستیان دایە شۆڕش، ئەوان یەکەمین کەسانێک بوون ئاڵای دژایەتی دەسەڵاتی تزار و لایەنگرانیان ڕاگەیاند.

ڕۆژی ژنانی کرێکار دوو جار جەژنە بۆ ئێمە. بەڵام ئەگەر ئەم ڕۆژە پشووی گشتی یە بۆ تەواوی پرۆلیتاریا، بۆچی پێی دەڵێن "ڕۆژی ژنان"؟ بۆچی ئێمە مەراسیم و کۆبونەوەی تایبەتی بۆ دەگێرین، لە هەمووی گرنگتر ئامانجمان چی یە لە کرێکارانی ژن و ژنانی جووتیار؟ ئایا ئەمە یەکێتی و هاوپشتی چینی کرێکاران دەخاتە ڕەوشێکی مەترسی دارەوە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، ئێمە پێویستە سەیری ڕابردووی خۆمان بکەین و

بزانین ڕۆژی ژنان چۆن هاتۆتە کایەوە، بۆ چ ئامانجێک خۆمان ڕێکخەین.

## چۆن یاخود بۆچی ڕۆژی ژنان ڕێکخرا؟

ساڵانێکی زۆر دوور نا، تەنها 10 ساڵ لەمەوبەر، کێشەی یەکسانی ژنان، یاخود کێشەی بەشداربوونی ژنان لە گەڵ پیاوان لە پەرلەماندا بووە جێگای مشتومڕ. چینی کرێکاران لە تەواوی وڵاتە سەرمایەداری یەکانی دونیادا دەستیان دایە خەبات بۆ مافەکانی ژنانی کرێکار، بۆرژوازی نەیدەویست ڕەزامەندی مافەکانی ژنانی کرێکار بسەلمێنێت. لە پەرلەماندا بە قازانجی بۆرژوازی نەبوو چینی کرێکار مافی دەنگدانی هەبێت. هەروەها لە هەموو وڵاتاندا بۆرژوازی ڕێگریی یاسایی دروست کرد بۆ ڕێگە گرتن لە مافی ژنانی کرێکار.

سۆسیالیستەکان لە ئەمریکای باکوور بێوچان تێدەکۆشان لە پێناوی داخوازی مافی دەنگدان بە شێوەیەکی تایبەت و بەبێ ڕاوەستان. لە 28ی شوباتی 1909 دا، ژنانی سۆسیالیست لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆبونەوە و خۆپیشاندانی گەورەیان بەرێخست لە سەرتاسەری وڵاتدا لە پێناوی داخوازی

یە سیاسی یەکانی ژنانی کرێکار. ئەو ڕۆژە یەکەمین “ڕۆژی ژنان” بوو. ئەم دەست پێشخەری یە بۆ ڕێکخستنی “ڕۆژی ژنان”(2) بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی ژنانی کرێکار لە ئەمریکا.

لە ساڵی 1910، لە دووهەمین کۆنفراسی جیهانی ژنانی کرێکار، کلاڕا زیکتین (3) دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوونی مەسەلەی ڕێکخستنی ڕۆژی ژنانی کرێکارانی جیهان. لەم کۆنفراسە بڕیاریاندا هەموو ساڵێک لە تەواوی وڵاتاندا لە هەمان ڕۆژ دا پێویستە مەراسیمی “ڕۆژی ژنان” ڕێز لێبگرن لە ژێر دروشمی ”مافی دەنگدانی ژنان هێز و یەکێتیمان پێدەبەخشێت لە خەبات بۆ سۆسیالیزم”. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، مەسەلەی بنیاتنانی پەرلەمانێکی دیموکراتی زیاترو...هتد، فراوان کردنی مافی بەشداری کردنی ژنان لە دەنگدان دا، یەکێک بوو لە خاڵە بنچینەییەکان لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم دا، کرێکاران لە تەواوی وڵاتە بۆرژوازی یەکان مافی دەنگ دانیان هەبوو بێجگە لە ڕوسیا. (4) تەنها ئەو ژنانەی نەخۆشی دەرونییان هەبوو لە سەر هەمان بێ مافی پێشوو مابوونەوە. لە هەمان کاتدا واقیعیەتی داواکاری سەرمایەداری بەشداری بووە لە ئابووری نیشتیمانی. هەموو ساڵێک ژمارەی ژنان لە زیاد بوون دایە لە کارگە و کارخانەکان، چ وەکو خزمەتکار یان وەکو پاقژکەرەوە.

ژنان کار دەکەن شان بە شانی پیاوان، لە سەر دەستی ئەوان سامان و گەنجینەی وڵاتەیان بەرهەم هێناوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ژنان بێ بەش کراون لە مافی دەنگدان.

بەڵام لە ساڵی ڕابردوو دا پێش ئەوەی جەنگ دەست پێ بکات نرخی خواردن و خواردنەمەنییەکان چووە سەرێ، چوونە سەرەوەی نرخ وای کرد باشترین و ئاشتیخوازترین ژنانی ماڵەوە ئارەزووی کاری سیاسی بکەن و خۆپیشاندان بکەن لە دژی بۆرژوازی و تاڵانی ئابووری. "ڕاپەرینی خانمانی ماڵەوە" پەرەی سەند و لە زیاد بوون و دووپات بوونەوەدا بوو، هەروەها  ڕاپەرین گڕیگرت لە چەندین شوێنی جیاواز لەوانە: نەمسا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا.

ژنانی کرێکار لەوە تێگەیشتبوون تەنها ئەمە بەس نی یە پەیوەندی بپچرێنن لە گەڵ بازاری کوشک یان تاکی بازرگان، لەوەش تێگەیشتبوون بەم کارەیان ناتوانن نرخی بازار بێنە خوارەوە. پێویستە سیاسەتی دەوڵەت بگۆڕین. بۆ بەدەست هێنانی ئەمە چینی کرێکار دەبێت داخوازی مافی بەشداری کردن لە دەنگدان فراوان بکاتەوە. پێویستە بڕیاری ڕۆژی ژنان لە تەواوی وڵاتان ئەم شێوەیە بەڕێوە بچێت، خەبات بێت لە پێناوی بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنانی کرێکار. ئەم ڕۆژە دەبێت

ڕۆژی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالی بێت لە خەباتدا بۆ ئامانجی هاوبەشمان و ڕۆژی پێداچوونەوەیە بێت بە هێزی ڕێکخراوبوونی ژنانی کرێکار لە ژێر ئاڵای سۆسیالیزمدا.

## ئەنتەرناسیونالی یەکەم

## ڕۆژی ژنان

بڕیاری کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی دووهەمی ژنانی سۆسیالیست تەنها بڕیارێک نەبوو لە سەر کاغەز، بەڵکو سووربوون بوو لە سەر دەست نیشانکردنی ڕۆژی ژنان لە 19ی مارسی 1911دا ، دانانی ئەم ڕۆژە بڕیارێکی کوێرانە نەبوو. هاوڕێ ئەلمانیەکانمان بۆیە ئەم ڕۆژەیان هەڵبژارد لە بەر ئەوەی ڕۆژێکی مێژووی و گرنگ بوو بۆ پرۆلیتاریای ئەلمانی.

19ی مارس، ڕۆژی شۆڕشی 1848 بوو، مەلیکی پروسیا بۆ یەکەمین جار ناچارە ڕێزدادەنێ بۆ هێزی چەکداری جەماوەری بۆ دوورخستنەوەیان لە ترسی سەرهەڵدانی ڕاپەرینی پرۆلیتاری. لە ناوەراستی ئەو پەیمانانەی کە دابووی بە خەڵک دواتر لێی پاشگەز بوویەوە، کە سەرەتایەک بوو بۆ بە ڕەسمی ناسینی دەنگدانی ژنان.

دوای 11ی جەنیوەری، تێکۆشان بۆ خۆئامادەکردن و دروستکردنی ڕۆژی ژنان لە ئەلمانیا و نەمسا. ئەوان لە هەردوو وڵات پێکەوە پیلانیان دارشت بۆ خۆپیشاندان، بەڵێن یان دا بە ووتە و بە دەم، هەروەها لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە. لە دەوری هەفتەیەک بەر لە ڕۆژی ژنان، دوو ڕۆژنامەنووس ڕایانگەیاند: مافی دەنگدانی ژنان لە ئەلمانیا و ڕۆژی ژنان لە نەمسا. وتاری هەمەڕەنگ بوون تەرخان کرابوون بۆ ڕۆژی ژنان..."پەرلەمان و ژنان،" "ژنانی کرێکار و ڕەوشی ئەنجومەنی شارەوانی، خانمانیماڵەوە چی پەیوەندێکی یان هەیە لە گەڵ سیاسەت؟"، هتد... لێکدانەوەی بەوردی مەسەلەی یەکسانی ژنان لە پەرلەمان و لە کۆمەڵگا دا. تەواوی وتارەکان دەست نیشانی هەمان خاڵ دەکەن: بە تەواوی پێویستە پەرلەمان زیاتر دیموکراتی بکەیەنەوە بە سەپاندنی مافی دەنگدانی ژنان.

لە ساڵی 1911 دا بۆ یەکەمین جار ڕۆژی جیهانی ژنان بەرپاکرا. کە سەرکەوتن و بە دەست هێنانی هەموو ئاواتەکان بوو. لە ئەلمانیا و نەمسا ڕۆژی ژنانی کرێکار وەکو دەریا شەپۆلی دەدا و دەلەرزی.

لە هەموو شوێنێک کۆبونەوە ڕێکدەخرا... لە شارۆچکە بچووکەکان هەتا لە گوندەکان، هۆلەکان پڕ بوون لە خەڵک،

لەوێ داوا لە کرێکارانی پیاو دەکرا جێگاکانیان بدەن بە ژنان. بە دڵنیاییەوە ئەوە یەکەم جار بوو ژنانی کرێکار نیشانیاندا کە شۆڕشگێرن. پیاوەکان یەکەم جار بوو لە ماڵەوە بوون لە گەل منالەکان، هەروەها هاوسەرە لە قەفەزنراوەکان دەچوونە کۆبونەوەکان و گەورەترین خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام یان بەرێخست کە 30 هەزار کەس بەشدار بوو. پۆلیس هەولی دەدا دروشمەکان لە خۆپیشاندەران بستێنێ، بەڵام ژنانی کرێکار ڕووبەڕوویان وەستانەوە. لەم ڕووداوەی هاتە پێش، ئەوەی ئەم خوێن ڕشتنەی ڕاگرت تەنها یارمەتی و هاوکاری پەرلەمانتارە سۆسیالیستەکان بوون. لە ساڵی 1913دا ڕۆژی جیهانی ژنان گۆرا بۆ ڕۆژی 8ی ماس. ئەم ڕۆژە دەگەڕێتە بۆ خەبات و تێکۆشانی ژنانی کرێکار.

## ئایا ڕۆژی ژنان پێویستە؟

ڕۆژی ژنان لە ئەمریکا و لە ئەوروپا ئاکامێکی سەرسامکەری هەبوو. لە ڕاستی دا یەک دانە کەس نەبوو لە پەرلەمانی بۆرژوازی بیر لە ئاسانکاری یەک بکاتەوە بۆ کرێکاران یاخود لێپرسراوەتی نیشان بدات لە بەرامبەر داخوازی یەکانی ژنان. لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا بۆرژوازی ترسی نەبوو لە

ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستی. بەڵام ڕۆژی ژنان چەند شتێکی بە دەست هێنا، لە هەمووی گرنگتر شێوازی ورووژاندنی ئەو هاورێ ژنانە بوون کە کەمترین کاری سیاسییان دەکرد. ئەمانە کۆمەک نەبوون، بەڵکو هۆشداری یەک بوو بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکان، خۆپیشاندانەکان، پۆستەر، نامیلکە، ڕۆژنامەکان بۆ ڕۆژی ژنان. هەتاکو دواکەوتووترین ژنی کرێکار وای بیر دەکردەوە کە "ئەمە ڕۆژی ئێمەیە، ئەمە ڤیستیڤالی ژنانی کرێکارە" بە پەڵە دەچوو بۆ کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکان. دوای هەر یەک لە "ڕۆژی ژنانی کرێکار"، ژنان زیاتر پەیوەست دەبوون بە پارتە سۆسیالیستەکان و یەکێتی یە کرێکاری یەکان بەرەو پێش دەچوون. ڕێکخراوەکان وەزعیان بەرەو باشتر بوون دەچوو، و هۆشیاری سیاسی گەشەی دەکرد.

ڕۆژی ژنان ئەرکێکی تری خستە ڕوو: ئەویش بەهێزکردنی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکاران بوو. لە ڕێورەسمی تایبەتی دا پارتەکانی وڵاتە جیاوازەکان بە گشتی قسەوباسیان ئالوگۆر دەکرد: هاورێ ئەلمانیەکان دەچوون بۆ بەریتانیا. هاوڕێ ئینگلیزەکان دەچوون بۆ هۆلەند...هتد. یەکێەتی چینی کرێکارانی جیهان زیاتر بە هێز دەبوو ئەمەش مانای ئەوەیە خەباتێکی بەهێزی پرۆلیتاری بە گشتی لە بەرەوپێش چوون دایە.

ئەمانە سەرچاوەی تێکۆشانی ڕۆژی ژنانی کرێکار بوو. تێکۆشانی ژنانی کرێکار لەم ڕۆژەدا کۆمەکی زیاتر دەکات بە هۆشیاری و ڕێکخراوبوونی کرێکارانی ژن. ئەمەش مانای ئەوەیە بەشداری ڕاستەوخۆ بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتە لە پێناوی ژیانێکی باشتر بۆ چینی کرێکار.

## ڕۆژی کرێکارانی ژن لە ڕوسیا

لە ساڵی 1913 بۆ یەکەمین جار ژنانی کرێکار لە ڕووسیا بەشدار بوون لە "ڕۆژی ژنانی کرێکار" .ئەو کاتە، کاتی بەرەنگاربوونەوە بوو، کە تیزاریزم دەیویست کرێکاران و جوتیاران ڕاگرێت لە چاوەروانی دا. یاخود دەیویست بە هیچ جۆرێک بیر لە مەراسیمی " ڕۆژی ژنانی کرێکار" بە شێوەی خۆپیشاندان نەکەنەوە. بەڵام ڕێکخراوبوونی ژنانی کرێکار توانیان ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی بگێرن. هەردوو ڕۆژنامەی یاسایی چینی کرێکار...پراڤدای بەلشەفیکەکان و لۆچی مەنشەفیکەکان...وتاریان دابەزاد سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی ژنان : (5) وتاری تایبەتی یان نووسی لە سەر ئەوانەی جێگایان دیارە لە ناو بزووتنەوەی ژنانی کرێکار، هەروەها پەیام ناردن بۆ هاوڕێیان لەوانە: بیبل و کلارا زکتین.(6)

لەو ساڵە شومانەی کە ڕێگە لە کۆبوونەوەکان دەگیرا. بەڵام لە پترۆگراد ئەو کرێکارە ژنانەی کە ئەندامی پارتی بوون کۆری جەماوەریان ڕێکدەخست لە سەر "مەسەلەی ژنان" چوونە ژوورەوە 5 کۆپیکس بوو. ئەم کۆبوونەوانە ئەگەر چی نایاسایی بوون، بەڵام هۆلەکان بە تەواوی جمەیان دەهات لە خەڵک. ئەندامەکانی پارتی باسیان پێشکەش دەکرد. بەڵام ئەم چالاکی یانە "داخران" کۆبوونەوەکان بە خۆراگری کۆتایی یان پێهات کاتێ پۆلیس سەرکوتکەرانە ڕێگەی گرت لە وتاربێژان. هەروەها کەوتە ترساندن و هەرەشە و گرتنی قسەکەرانی کۆبوونەوەکان. مانایەکی مەزن و تایبەتی هەبوو بۆ کرێکارانی جیهان و ژنانی ڕوسیا، ئەوان ژیان بەسەری دەبەن لە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی تیزاریزم پێویستە پەیوەست بن بە هەر ڕێگەیەک کە بۆیان دەکرێ بۆ گەیشتن و بەڕێوەبردنی ڕۆژی جیهانی ژنان. ئەمە پەیامێک بوو بۆ لە خەو هەڵسانی ڕوسیا لە ژێر دەسەڵاتی تزاری زیندان و لە سێدارە دان. بێ دەسەڵاتی لە کوشتنی کرێکاران ئازایەتی لە خەبات و خۆپیشاندان.

لە ساڵی 1914 دا "ڕۆژی ژنانی کرێکار" لە ڕووسیا باشتر ڕێکخرا. هەردوو ڕۆژنامەی کرێکاران پەیوەست بوونی خۆیان ڕاگەیاند بە مەراسیمەکە. هاورێیانی ئێمە گەلێک سەختی و دژواریان چەشت بۆ ڕۆژی کرێکارانی ژن. لەبەر دەست

تێوەردانی پۆلیس ئەوان نەیان توانی خۆپیشاندان بەرێبخەن.ئەوانەی بەشدار بوون لە خۆپیشاندانی "ڕۆژی ژنانی کرێکار" خۆیان بینییەوە لە زیندانەکانی تزاری. هەروەها دواتر زۆربەیان ڕەوانەی باکووری سارد. دروشمی " لە پێناوی دەنگدانی ژنانی کرێکار" ئەمە بە سروشتی بووە هۆی ئەوەی بانگەوازێک بێت بۆ ڕامالینی ئوتوکراسی.

## ڕۆژی جیهانی ژنان لە دەورانی جەنگی ئیمپریالیستیدا

جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات، چینی کرێکار لە تەواوی ولاتان بوونە کەرەسەی ئەم جەنگە.(7) سالانی 1915-1916 "ڕۆژی ژنانی کرێکار" لە تاراوگە نارازی بوون بوو بەم ڕەوشە...بالی چەپی ژنانی سۆسیالیست هەمان تێروانینی پارتی بەلشەفیکی ڕوسیا یان هەبوو بۆ گۆرینی 8ی مارس بۆ خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار لە دژی جەنگ. بەلام پارتە سۆسیالیستە هەلپەرستەکان لە ئەلمانیاو لە ولاتانی تر، ڕێگر بوون لە بەر دەم چالاکی یەکانی ژنانی سۆسیالیست لە ڕێکخستنی ئاپۆرە جەماوەری یەکان. هەروەها ڕەتکردنەوەی دانی پاسەپۆرت بە ژنانی سۆسیالیست بۆ وولاتانی بێلایەن لە کاتێکدا ژنانی کرێکار داوای کۆبوونەوەی جیهانی یان دەکرد بۆ

ئەوەی بە بۆرژوازی نیشان بدەن ئازایەتی و جەسووری هاوپشتی ئەنتەرناسیونالی بەردەوامە.

لە ساڵی 1915 دا تەنها لە نەرویج توانیان خۆپیشاندانێکی جیهانی بەرپابکەن لە ڕۆژی ژنان کە نوێنەری ڕوسیا و وڵاتانی بێلایەن ئامادە بوون. ئەوان پێیان وانەبوو ڕۆژی ژنان ڕێکبخرێ لە ڕوسیا لە بەر دەسەڵاتی تزاریزم و عەسکەرتاریەتدا.

ئەو ساڵە مەزنە، ساڵی 1917 ی مەزن، برسیەتی، ساردی، ناعەدالەتی، جەنگ، بەستەلەکی ئارامی کرێکارانی ژن و ژنانی جووتیاری ڕوسیای تێک شکاند. لە 8ی مارسی 1917دا لە ڕۆژی ژنانی کرێکار، ئەوانی ڕژانە سەرشەقامەکانی پترۆگراد. ژنان... بەشێک لە کرێکاران، هەروەها بەشێک لە خێزانی سەربازان بوون.... داخوازی یەکانیان ئەمانە بوون "نان بۆ منالەکانمان" گەرانەوەی هاوسەرەکانمان لە بەرەکانی جەنگ". لەو کاتە یەکلاکەرەوەیەدا خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار ترس و هەرەشەی خستە نێو دڵی دەسەڵاتداران و بە تایبەتیش هێزی ئاسایشی تزاری، کە نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن لە دژی یاخیبووەکان، بەڵام سەیریان دەکرد و نەیان دەزانی چ بریارێک دەرکەن. چونکە لە بەرامبەری یاندا خەباتی جەماوەری شەپۆلی دەدا وەکو گەردەلولی دەریا.

ڕۆژی ژنانی کرێکار لەساڵی 1917 دا بوو بە ڕۆژێکی لە بیر نەچوو وە لە مێژوودا. لەو ڕۆژگارەدا ژنانی ڕوسیا بوون بە مەشخەڵی بەرزکردنەوەی شۆڕشی کرێکاری و هەڵکردنی ئاگری شۆڕش لە جیهاندا. لەم ڕۆژەدا شۆرشی شوبات دەستی پێکرد.

## بانگەوازی ئێمە بۆ تێکۆشان

"ڕۆژی جیهانی ژنان"، 10 ساڵ لەمەوبەر پێک هات وەکو کەمپینێک بۆ یەکسانی سیاسی بۆ ژنان و خەبات کردن بۆ سۆسیالیزم. ئەم ئامانجانە بە دەست هاتن لە ڕێگای چینی کرێکاری ژنانی ڕوسیا. لە کۆماری سۆڤیەتی ژنانی کرێکار و جوتیاران پێویستی یان بەوە نەبوو خەبات بکەن بۆ مافی دەنگدان یاخود مافە مەدەنی یەکان. ئەوان هەر ئەو کاتە ئەم مافەیان بە دەست هێنابوو. کرێکارانی ڕوسیا و ژنانی جووتیار هاونیشتیمانی یەکسانن.......دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە ئەوەش کارەکانی ئاسان کردوون بۆ تێکۆشان بۆ ژیانێکی باشتر. مافی دەنگدان بەشێکە لە سۆڤیەت و تەواوی ڕێکخراوەکان.(8)

ئەم مافانە بە تەنها بەس نیە. ئێمە پێویستە فێر بین چۆن ئەم مافانە بەکاربێنین، مافی دەنگدان چەکێکە پێویستە فێری بین چۆن بە قازانجی خۆمان بەکاری دەهێنین، بۆ شتی بەکەڵک و کۆماری کرێکاری. لە ماوەی دوو ساڵ دەسەڵاتی سۆڤیەتی دا ژیان بە تەواوەتی هەمووی نەگۆراوە، ئێمە لە پرۆسەی خەبات داین بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم هەروەها ئێمە لە دونیایەک دەژین هێشتا تاریکی و سەرکوتکردنی ڕابردوو لە ناو نەچووە. کۆتی خێزان، کاری نێوماڵی ژنان، لەشی فرۆشی قورسای زۆری هەیە لە سەر ژنانی کرێکار. ژنانی کرێکار و ژنانی جووتیار کاتێ دەتوانن ڕزگاریان بێت لەم هەلومەرجە و یەکسانی هەمەلایەنە بە دەست بێنن لە ژیانی خۆیاندا، نەک تەنها لە یاسا، ئەگەر هەرچی هێز و توانایان هەیە بیخەنە کار بۆ گواستنەوەی ڕوسیا بۆ کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی.

بۆ هاتنی بە خێرایی ئەم ڕۆژە، ئێمە پێویستە یەکەمین شت تێکشکانی ئابووری ڕوسیا ڕاست بکەینەوە. ئێمە پێویستە بیر لە ڕێگا چارەیەک بکەینەوە بۆ ئەم دوو ئەرکە ڕاستەوخۆیە... بنیاتنانی بە چاکی ڕێکخستنی هێزی هۆشیاری سیاسی کرێکاران و دووبارە بنیاتنانەوەی هێلی هاتوچۆ. ئەگەر هێزی کرێکاران بجولێ بە شێوەیەکی باش ئێمە سەرکەوتن بە دەست دێنین جارێکی تر دەبینەوە خاوەن شەمەندەفەری هەڵمی:





شەمەندەفەری هاتوچۆ دەست بەکاردەکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کرێکارانی ژن و کرێکارانی پیاو نان وداری سوتان بە دەست دێنن.

گەرانەوەی هێلی هاتوچۆ بۆ قۆناغی ئاسایی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم خێرا دەکات. هەروەها سەرکەوتنی کۆمۆنیزم بەندە بە تەواو بوونی بنچینەیی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان. بۆیە پێویستە پەیامی "ڕۆژی ژنانی کرێکار" ئەم ساڵ ئەوە بێت: کرێکارانی ژن، ژنانی جووتیار، دایکان، هاوسەرەکان، خوشکەکان، ئەو هەموو تێکۆشانەی یارمەتی کرێکاران و هاوریان نیگەرانیەکان هەرەس پێ دێنی سەبارەت بە شەمەندەفەری هاتوچۆ و دووبارە بنیاتنانەوەی هێلی هاتوچۆ. هەمووومان لە تێکۆشان داین لە پێناوی بە دەست هێنانی نان و داری سوتاندن و کەرەستەی خاو".

ساڵی ڕابردوودا دروشمی ڕۆژی کرێکارانی ژن ئەمە بوو."هەموو شتێ لە پێناوی سەرکەوتنی بەرەی سوور"(9). ئێمە ئێستا بانگەوازی کرێکارانی ژن دەکەین بێنە مەیدان بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان لە بەرامبەر بەرەی زەردی تازە....بەرەی کرێکاری! سوپای سوور دوژمنی دەرەکی تێک شکاند لە بەرئەوەی ڕێکخراوبوو، بە دیسپلین بوو هەروەها

ئامادە بوو بۆ قوربانی دان بەخۆ. لە گەل ڕێکخستن. کاری زۆر، دیسپلین، هەروەها قوربانی دان بەخۆ، کۆماری کرێکاران هەرەس پێهێنانی دوژمنی ناوخۆ بوو....لە جێ چوونی هێلی هاتوچۆ و ئابووری، برسیەتی، ساردی، نەخۆشی. "هەموو یەکێک بۆ سەرکەوتنی بەرەی بێ خوێن ڕشتنی کرێکاران! هەموو یەکێک بۆ ئەم سەرکەوتنە!"

## ئەرکە تازەکان لە ڕۆژی ژنانی کرێکار

شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکسانی دا بە ژنان لە گەل پیاوان تارادەی پێویستی مافە شارستانی یەکان. ژنانی پرۆلیتاری لە ڕوسیا چەند ساڵ لەمەوبەر دەیان نالاند بە دەست بەدبەختی و چەوسانەوە، بەڵام ئێستا لە کۆماری سۆفیەتی دا دەتوانن بە شانازی یەوە نیشانی هاورێیانی یان بدەن لە وڵاتانی تر ڕێبازی یەکسانی سیاسی لە گرەوی بنیاتنانی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا و دەسەڵاتی شوراکانە.

ئەم حالەتە لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی تر جیاواز بوو، لەوێ هێشتا ژنان زیاد لە پێویست کار دەکەن و بێ بەشن. لەم وڵاتانەدا دەنگی ژنان کزەو مردووە. لە ڕاستی دا لە وڵاتانی

بێلایەن ... لە نەرویج، فەرەنسا، فینلەند، لە هەندێ وڵاتانی ئەمریکای باکوور ... ژنان مافە شارستانی یەکانیان بە دەست هێناوە هەتا پێش دەست پێکردنی جەنگیش (10)

لە ئەلمانیا، دوای ڕووخانی قەیسەرو بنیاتنانی کۆماری بۆرژوازی، سەرکردایەتی کردنی ناوەندی(11) لە 36 ژن کە چوونە ناو پەرلەمان.... بەڵام یەک دانەشیان کۆمۆنیست نەبوون.

لە ساڵی 1919، لە بەریتانیا ژنێک بۆ یەکەم جار بوو بە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام ئەو کەسە کێ بوو؟ ئەو (خانمە) ئەمەش مانای ئەوەیە مولکدار یان ئەرستۆکرات بوو.(12) لە فەرەنسا، هەروەها مەسەلەیەک هاتە پێشەوە دواتر درێژکرایەوە بۆ مافی دەنگدانی ئافرەتان. بەڵام چۆن ئەم مافانە بە کاردێنین بۆقازانجی ژنانی کرێکار لە چوارچێوەی پەرلەمانی بۆرژوازی؟ لە کاتێک دا دەسەڵات لە دەستی سەرمایەدارەکان و موڵکدارەکان دا بێت، بە هیچ جۆرێک مافە سیاسیەکان ناتوانی ژنانی کرێکار بپارێزێ لە جێگاو شوێنی کۆیلەتی یان لە ماڵ و لە کۆمەڵگە. بۆرژوازی فەرەنسی ئامادەیە بەرتیلێکی تر فرەدەن بۆ چینی کرێکار، لە ترسی گەشەسەندنی بیروباوەری

بۆلشەفیکەکان لە نێو کرێکاران: ئامادە بوون مافی دەنگدان بدەن بە ژنان.(13)

**مستەر بۆرژوازی....کاتت بەسەرچوو!**

دوای ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەڕ لە ڕوسیا، بە تەواوی ڕۆشنە بۆ ژنانی کرێکار لە فەرەنسا، بەریتانیا هەروەها لە وڵاتانی تر تەنها دەسەڵاتی چینی کرێکاران، دەسەڵاتی شوراکان زامنی پاراستنی یەکسانی هەمەلایەنەیە. گەورەترین سەرکەوتنی کۆمۆنیزم پچران و هێنانە خوارەوەی دەسەڵاتی دونیای کۆنە.........ئەگەر ئەرکی " ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار " لە دەورانی پێش ئێستا لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی باڵای پەرلەمانی بۆرژوازی خەبات بوو لە پێناوی مافی دەنگدانی ژنان، ئەوە ئەرکی ئێستای چینی کرێکار بریتی یە: لە ڕێکخستنی ژنانی کرێکارە لە دەوری دروشمی ئەنتەرناسیونالی سێیەم. گوێ لەم بانگەوازەی ڕوسیا بگرن.

" ژنانی کرێکار لە سەرانسەری دونیا! خۆتان ڕێکخەن و بەرەیەکی یەکگرتووی پرۆلیتاری بنیاتبنێن بۆ تێکۆشان لە دژی ئەوانەی ئەم جیهانە تاڵان دەکەن! بروخێ پەرلەمانتاریزمی

بۆرژوازی! پیرۆز بێت دەسەڵاتداری شوراکان! لەناوچێت نایەکسانی و چەوساندنەوە لە نێوان ئافرەت و پیاودا! ئێمە لە خەبات داین لە گەل کرێکاران بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی ئەنتەرناسیونالی!”

ئەم بانگێشە بۆ یەکەم جار لە ناوەندی هەوالەکانی نەزمی نوێ، لە بەرەکانی شەری ناوخۆ دەبیسترا، وە دەنگە ژێکانی دڵی ژنانی کرێکاری وڵاتانی تری دەدا. ژنانی کرێکار گوێ دەگرێ و بڕوا دەکا بەوەی ئەم بانگێشەیە ڕاستە. تاوەکو ئەم دواییانەش بروایان وا بوو کە ئەگەر توانیان چەند نوێنەرێک بنێرن بۆ پەرلەمان، ژیانیان ئاسانتر دەبێت وە زیاتر بەرگەی ستەمکاری سەرمایەداری دەگرن. ئێستا پێچەوانەکەی دەزانین.

تەنها بە لە ناوچوونی سەرمایەداری و بنیاتنانی دەسەڵاتی شورایی دەتوانین خۆمان بپارێزین لە دونیای پڕ لە زولّم و، شەرمەزاری و نایەکسانی ئەم ژیانە بۆ ژنانی کرێکار لە وڵاتە سەرمایەدارەکان زۆر قورس کردووە. “ڕۆژی ژنانی کرێکار” وەرچەرخانە لە خەبات کردن لە مافی دەنگدانی ژناان بەرەو ڕۆژێکی جیهانی بۆتێکۆشانی هەمەلایەنە و ڕەهای ڕزگاری ژنان، ئەمەش مانای تێکۆشانە بۆ سەرکەوتنی شوراکان و کۆمۆنیزم!

*بروخێ دونیای هەژاری و دەسەڵاتی سەرمایە!*

*لە ناوچێت نایەکسانی، بێ مافی و چەوساندنەوەی ژنان.... میراتی بۆرژوازی جیهانی!*

*بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی ی جیهانی نێوان کرێکارانی ژن و پیاو لە خەباتدا*

*لە پێناوی دەسەڵاتداریەتی کرێکاران......کرێکارانی هەردوو ڕەگەز!*

## کورتەیەک لە ژیاننامەی سیاسی ئەلێکسەندرا کۆلنتای: ئەلێکساندرا کۆلنتای (1872–1952)

لە ساڵی 1890 پەیوەندی کردووە بە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی دیموکراتی ڕوسیا، چالاکوان بووە لە ناو بزووتنەوەی ژنانی سۆسیالیستی جیهانی، بەر لە ساڵی 1914 ئەندامی مەنشەفیکەکان بووە. لە ساڵی 1917دا بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (بەلشەفیەکان) و کۆمیسیاری خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی لە دەوڵەتی سۆڤیەتی. هاورێی بۆخارین بووە لە فراکسیونی "کۆمۆنیزمی چەپ"، دژی ڕێکەوتننامەی ئاشتی بریست لیتۆفیسک، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاریی" پۆستی کاری دیبلۆماتیکی پێسپردراوە لە لە وڵاتی مەکسیک و هەروەها لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤی. سەرەتا

هاوسۆزی هەبووە لە گەل “ئۆپۆزسیۆنیی چەپ” بە ڕێبەرایەتی لیۆن ترۆتسکی دواتریش کاری کردوە لە گەل ئۆپۆزسیۆنی چەپ.

## Notes

1. Tsarist Russia still used the old “Julian” calendar of the Middle Ages, which was 13 days behind the “Gregorian” calendar used in most of the rest of the world. Thus March 8 was “February 23” in the old calendar. This is why the revolution of March 1917 is called “the February revolution” and that of November 1917 “the October revolution.”.RETURN TO TEXT

2. RETURN TO TEXT

3. Clara Zetkin was a leader of the German socialist movement and the main leader of the international working women’s movement. Kollontai was a delegate to the international

conference representing the St. Petersburg textile workers.RETURN TO TEXT

4،This is not accurate. The vast majority of unskilled workers in England, France and Germany could not vote. A smaller percentage of working class men in the United States could not vote — in particular immigrant men. In the South of the US black men were often prevented from voting. The middle class suffrage movements in all the European countries did not fight to give votes to either working class women or men.RETURN TO TEXT

5،At its 1903 Congress, the Russian Social Democratic Labor Party divided into two wings, the Bolsheviks (which means “majority” in Russian) and the Mensheviks (which means “minority). In the period between 1903 and 1912 (when the division became permanent) the two wings worked together, unified for a while, split

again. Many socialists, including entire local organizations, worked with both wings or tried to stay neutral in the disputes. Kollontai, an active socialist and fighter for women's rights since 1899, was at first independent of the factions, then became a Menshevik for several years. She joined the Bolsheviks in 1915 and became the only woman member of their central committee. She also served as Commissar of Welfare of the Soviet Republic and head of the Women's Section of the Bolshevik Party.RETURN TO TEXT

6.August Bebel (1840–1913) was a leader of the German Social-Democratic Party. He was a well-known supporter of the women's movement and author of a classic book on Marxism and women (Die Frauenfrage, translated into English as Woman Under Socialism, which has been translated into many languages.RETURN TO TEXT

7٠When war broke out in 1914, there was a massive split in the international socialist movement. The majority of the Social Democrats in Germany, Austria, France and England supported the war. Other socialists, such Kollontai, Lenin, the Bolshevik Party and Trotsky in Russia, Clara Zetkin and Rosa Luxemburg in Germany and Eugene Debs in the United States, to name some of the leaders, denounced the pro–war socialists for being traitors to the working class and to the fight for a workers' revolution.RETURN TO TEXT

8٠The word "soviet" means "council." Soviets, or workers' councils, are democratic bodies in which delegates are elected in factory and neighborhood meetings and are controlled by their sister and brother workers. The representatives of the soviets must report back to their constituency and are subject to immediate recall.RETURN TO TEXT

9٠After the working class seizure of power in October/November 1917, the Russian workers' state was faced with two major problems. One was an invasion by thirteen countries, including the United States; the second was resistance by the pro- monarchist and pro-capitalist elements in Russia. Primarily under the direction of Leon Trotsky, the soviets created a workers and peasants army, the Red Army, which defeated the forces of counterrevolution.RETURN TO TEXT

10٠Women had won the right to vote in several of the United States prior to World War I. A federal amendment guaranteeing all women over 21 the right to vote was passed on August 26, 1920. It was not until the 1960s that the last legal barriers to working class people voting in the United States were abolished.RETURN TO TEXT

11٠The “compromisers” Kollontai is referring to are the Social Democratic leaders who formed a new capitalist government in Germany after the fall of the Kaiser in 1918. They actively supported counterrevolution after coming to office.RETURN TO TEXT

12٠While the aristocratic Lady Astor was indeed the first woman to serve in the British parliament, the first woman elected to parliament was the Irish revolutionary Constance Markievicz. Together with other members of the Sinn Fein party, she refused to take her seat in the imperial parliament.RETURN TO TEXT

13٠French women did not finally get the vote until after World War II.RETURN TO TEXT

# سۆسیالیزم و خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان

## جێس سپەیر

## لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد

بزووتنەوەی هەنوکەیی ژنان، لەسەر شانی ژنانێکی بێ ئەژمار ڕاوەستاوە کە دژی ستەم، لە هەموو فۆرمەکانیدا، خەباتیان کرد و گەیشتن بە ڕیفۆرمگەلێکی سەرەکیش. لە بزووتنەوەی لەباربردنەوە بیگرە تا دەگاتە بزووتنەوەی کرێکاریی و مافە مەدەنییەکان، ژنان لەڕیزی یەکەمی خەباتدا بوون بۆ مافەکانی تەواوی خەڵکی ستەملێکراو. ئەمە "ڕۆزا پارکۆس" و (ژنانی دیکەی ڕەشپێستی پێش ئەو) بوو کە لە پاسە جیاکراوەکانی مۆنت گۆمری (ویلایەتی ئالاباما) کورسییەکەی خۆی نەدا بە پیاوێکی سپی پێست و هەر ئەمە تیشکەکانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ڕۆشن کردەوە. ئەمە "دایکە جۆنز" بوو دژی کاری منداڵان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا جەنگی ڕاگەیاند و بووە هۆی ئەوەی چاوانی نەتەوەیەک بەڕووی ئەم بابەتەدا بکرێتەوە. لەگەڵ بوونی نەریتێکی لەم جۆرە دایە کە ژنانی ئەمڕۆ، ڕابەرایەتیی ڕەوتی خەبات بۆ لانیکەمی کرێی 15 دۆلار لە سەعاتێکدا دەکەن.

"مارتینا فلیپس" و "کارۆلین دورۆشەر" دوو لەیەکەم کرێکارانی فاست فود بوون لە شوێنی کاری خۆیان لە سیاتڵ چوونە دەرەوە و دەستیان بە مانگرتن کرد. "کشما سوانت" دوای سەرکەوتنی لە کورسی شورای شاردا، کەمپینی ناسراو بە "15 Now"ی بۆ پشتیوانیکردن لە لانیکەمی کرێی 15 دۆلاری لە

سەعاتدا، بەگەڕخست. هەموو ئەمانە تیشکەکانی بزووتنەوەیەکی ڕۆشن کردەوە کە شاهیدی ئەوە بوو سیاتڵ دەبێتە یەکەم شاری گەورەی وڵات کە ڕێک یەک ساڵ دواتر وا لە وڵات دەکات دەنگ لەسەر لانیکەمی کرێی 15 دۆلار بدرێت. ئەم سەرکەوتنە لەدوای دەیان شکستی بزووتنەوەی کرێکاریی بەدیهاتووە و دەسەڵاتی ئەکتێکی ڕێکخراو لەدەوری داخوازییەکی شەفاف و ڕۆشن دەردەخات.

بەیاننامەی ئەم دواییانەی فرۆشگای زنجیرەیی "واڵ مارت" لەسەر ئەوەی تا شوباتی 2016 بڕی پێدان بە کرێکاران نابێت لە 10 دۆلار لە سەعاتدا کەمتر بێت – هەڵکشانێک بۆ زیاتر لە 500 هەزار کرێکار لە ئاستی وڵاتدا – نیشانەیەکی دیکەیە لەسەر ئەوەی کرێکاران لەگەڵ چوونە ناو خەباتەوە، دەستکەوتگەلی مەلموس بۆ کۆی دانیشتووانی هێزی کار بەدەستدەهێنن.

## نایەکسانیی لە داهاتدا

ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوولە ئەزموونی باشتربوونێکی ئابوورییە، بەڵام قەیران و سستییە [ئابوورییەکە]

زۆر قوڵە. زۆرێک لە خەڵک هێشتا درێژە بە خەبات دەدەن لەژێر بارێکی قورسی بێکاریی، کارپێدانیی ناکافیی، کرێی نایەکسان یان نزم و تێچوونە ڕووڵەزیادەکانی ژیان. ژنان، زۆرینەی کرێکاران بە کرێی کەم و نزمەوە پێکدهێنن؛ ژنان زۆرینەی کرێکارانی بێ بەش و مەحرومن کە 2 دۆلار و 13 سەنت لە سەعاتێکدا، واتا بەڕادەی کەمتر لە لانیکەمی کرێ، وەردەگرن؛ بەم هۆیەوە ژنان بەشێوەیەکی نەگونجاو، کەوتوونەتە ژێرکاریگەرییە خراپەکانەوە.

مافەکانی شوێنی کار و دیاریکردنی لانیکەمی کرێی 15 دۆلار لە سەعاتێکدا بۆ کرێکارانێک بە مافگەلی نزمەوە کە زۆرینەیان ژنانن، بە شێوەیەکی بەرچاو کۆمەک بە باشبوونی هەلومەرجی ئابووریی و هێزی کۆمەڵایەتیی ژنان دەکات. ئەگەر گروپەکانی ڕەوتی سەرەکیی مافی ژنان و یەکێتییە کرێکارییە گەورەکان خەبات بۆ 15 دۆلاریان دەبەستەوە بە خەباتێکی فراوانتر دژی چەوساندنەوەی ڕەگەزیی و سێکسیزم، ئەوسا هەردوو خەباتەکە بەیەکەوە بەهێز دەبوو. خەبات بۆ 15 دۆلار، بریتییە لە یەکێتیی نێوان ژنان و پیاوانی کرێکار ئەوانەی کرێی نزمیان هەیە کە خاوەن یەک دوژمنی هاوبەشن: کۆمپانیا زەبەلاحەکان. ئەم یەکێتییە دەتوانێت هەنگاوێکی گەورە بێت بەرەو زاڵبوون

بەسەر ئەو درز و بۆشاییانەی سەرمایەداریی بەسەر ئێمەیدا دەسەپێنێت.

## لەناوبردنی سێکسیزم و توندوتیژیی دژی ژنان

نایەکسانییەکانی نێوان پیاوان و ژنان و توندوتیژیی دژی ژنان، لەم ئایدیا بەقوڵی کۆن و بەسەرچووەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژنان، موڵکی پیاوانن، بۆ ڕازیکردن و تێرکردنی پێداویستییەکانی پیاوان بوونیان هەیە و دەبێت وابەستەی پیاوان و ئەڵقەلەگوێی ئەوان بن. ئەم ئایدیایانە لە ڕۆڵی ژنان لە میراتی بەرهەمهێنانەوە و خاوەنداریێتیی لە کۆمەڵگا چینایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ژیانی سێکسوالیی ژنان، کورت دەکرێتەوە بۆ بەرهەمهێنان و خستنەوەی ئەو منداڵانەی سەروەت و سامان و موڵکی پیاوان بە میراتی دەبەن، و بۆیە ژنان خۆیان وەک موڵکی ئەوان دەبینی.

ستەمی ئابووریی لەسەر ژنان، خۆی بریتییە لەم توندوتیژییە سیستەماتیکە. هۆکاری یەکەمی ئەوەی ژنان هێشتا لەگەڵ هاوبەشانی شەڕانگێزی خۆیان دەمێننەوە، ئەوەیە کە هاوبەشەکانیان کۆنترۆڵی دەستگەیشتنی ئەو ژنانەیان بۆ پارە

کردووه و بەمجۆره توانایی ئابووریی بۆ ڕاکردن لەم پەیوەندییانه بۆ ئەوان ناهێڵنەوه.

له زانکۆوه بیگره تا سوپا و شوێنەکانی یاریزانانی "لیگی نەتەوەیی تۆپی پێ"، سێکسیزم و توندوتیژیی دژی ژنان بریتییه له ئیپیدم و نەخۆشییەکی سەرتاپاگیر. له سەرەوەی ئەو توندوتیژییەی دژی ژنان ئەنجام دەدرێت، شاردنەوه و حەشاردانێکی فراوانی خودی ئەم دامەزراوانه هەیه که خەریکی ستەمی زیاتر له قوربانیان و بەرگریکردن له تێوەگلاوانی ئەم جۆره هەنگاوانه دەبن؛ واتا کولتووری دژەژن و ستەم که دەبێت تێکبشکێن.

لەمیانەی ساڵانی دواییدا، نەوەیەکی نوێی ژنان و ناڕازییان بەرانبەر به سێکسیزم، ڕووی له خەبات و بەرهەڵستیی بووه. دەستدرێژیی و پەلاماردان له زانکۆکاندا، ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی ئەو ژن و پیاوه لاوانه بووەتەوه که خوازیاری یاسا و پارێزگاریی توندن له قوربانیان. بەتایبەت کەمپینی #CarryThatWeight ئیلهامبەخشی ژنان بوو بۆ چوونه پاڵ هاوپشتیی بۆ قوربانییەکی دەستدرێژیی تا کۆمەکی پێبکەن بتوانێت باری ئەم ئەزموونه هەڵبگرێت و ئەم بێ وەڵامییه ئازاردەرەی زانکۆ مەحکوم بکات. له ساڵی 2011، هەزاران

کەس لە سەرتاسەری جیهان بەشدارییان لە “ڕێپێوانی سۆزانیان” (slutwalk) کرد تا تەحەدای مەحکومکردنی قوربانیان بکەن.

مێژوو جارەهای جار پیشانی دەدات بۆ لاوازکردنی ئایدیاکانی سێکسیزم، هیچ شتێک کاریگەرتر نییە لە یەکێتیی ژنان بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی کامڵ لە کۆمەڵگا و بەرهەمهێناندا و هەروەها ڕێکخستن و خەباتی دەستەجەمعیی ژنان و پیاوان بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان.

پێش ئەوەی ژنان بەدرێژایی جەنگی دووەمی جیهان بەشێوەیەکی فراوان بڕۆنە ناوەندەکانی کارەوە، چاوەڕوانیی ئەوەیان لێدەکرا منداڵانی خۆیان گەورە بکەن، خۆراک دروست بکەن و پاکوخاوێنیی ماڵەوە ڕابگرن و ئەڵقەلەگوێی هاوبەش و مێردی خۆیان بن. مادام جەنگ پێویستی بە زۆرینەی گەورەی پیاوانەوە هەبوو، زۆرێک لە کارگەکان و ناوەندەکانی کار بەبێ کرێکاری پێویست مایەوە، ژنان بۆ یەکەم جار لەژمارەیەکی زۆر گەورەدا چوونە نێو سوپای هێزی کارەوە. وێڕای ئەوەی جەنگ تەواو بوو، زۆرێک لە ژنان لە شوێنەکانی کار مانەوە، شان بەشانی پیاوان کاریان کرد، دەریانخست یەکسانن و لەتەنیشت پیاوان بۆ هەلومەرجەکان و کار و کرێی باشتر دەستیان

بەخەبات کرد. ئەم ئەزموونە کۆمەکی بە لاوازکردنی ئایدیاکانی سێکسیزم و چەوساندنەوەی ڕەگەزیی لە شوێنەکانی کار و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتیی کرد و هەم بناغەیەکی بۆ بزووتنەوەی ژنان لە دەیەکانی 60 و 70دا دروست کرد و هەم مۆدێلێکی بۆ چۆنایەتیی بەردەوامیی خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە سێکسیزم، دەستدرێژیی و توندوتیژیی دژی ژنان بەرهەمهێنا.

## بەدەستهێنانی مافی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن

مافی لەباربردن و مافی هەڵبژاردن، شتێکی زیاترە لە تەنها هەلومەرجی یاسایی لەباربردن. ئەو ژنانەی هێشتا توانای زاڵبوون بەسەر بەربەستە زۆر تێچووەکانی وەک سەفەری درێژیان بۆ نزیکترین عەیادە، قۆناغەکانی 72 سەعاتیی چاوەڕوانیی و ڕاوێژکارییە ئیجبارییەکانیان نییە کە هەموویان دەتوانێت چەندین ڕۆژ ئیجازە و پشووی بەدواوە بێت، مەحروم بوونە لە گەیشتن بە تەندروستیی سکپڕیی و حامیلەیی.

سۆسیالیستەکان لایەنگر و بەرگریکاری مافی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنن: دەستگەیشتنی هەموو ژنان بە چاودێرییە خۆڕاییەکان و بە چۆنایەتییەکی بەرز بۆ بەرگرتن لە سکپڕی و

هەروەها لەباربردنی خۆراکی و سەلامەت. سۆسیالیستەکان هەروەها خوازیاری دابینکردنی هەموو شتێکن کە ژنان و خێزانەکان بۆ هەڵبژاردنی ژیان پێویستییانە. بەبێ ئاساییشیی ئابووریی، چاودێریی خۆراکی لە منداڵان، چاودێرییە پزیشکییەکان، دەستگەیشتن بە خۆراکی تەندروست، نیشتەجێبوون و پەروەردەی گونجاو، زۆرێک لە ژنان هەست دەکەن بێ پشتیوانین و توانای چاودێرییە گونجاو و پێویستەکانیان بۆ پەروەردەکردنی منداڵان نییە.

## سۆسیالیزم و قەزیەی ژنان

ستەمکردن لە ژن، شتێک نییە کە لە ”DNA“ مرۆڤدا سەلمێنرابێت. ڕیشە ماتریالییەکانی ئەم دیاردەیە، هەمان کۆمەڵگای چینایەتییە کە تیایدا دەژین و هەمان سیستەمی ئابووریی سەرمایەدارییە کە بۆ مانەوەی خۆی، وابەستەیە بە کۆمەڵگایەکی ئاواوە. هەرجۆرە ستراتیژییەتێک بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافی زیاتر بۆ ژنان و دواجار کۆتاییهێنان بەستەمکردن لەسەر ژنان، بەبێ دەستبردن بۆ ڕیشەکان ناتوانێت سەرکەوتنی بەردەوام و پتەو بەدەست بهێنێت.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دوای لەناوبردنی ڕیشەکان، ئێمە چ شتێک لەجێگای ئەو دەچێنین؟

لەژێر هەیمەنەی سیستەمی سەرمایەداریدا، بڕیارەکان لەسەر بنەمای زۆرکردنی قازانجی کەمینەیەکی ناچیز و بێ بایەخ – خاوەن پشکەکان و خاوەن سەرمایەی دارایی – دەدرێن. لەگەڵ لاوازبوونی بەرهەڵستیی چینی کرێکار لەڕێگای جیاکاریی جێندەریی، ڕەگەزیی، ئاینیی و شوناسی سێکسوالیی، کرێکاران ڕازی دەکرێن بەرگەی ئەمجۆرە درزانە بگرن. بە زاڵبوون بەسەر ئەم درزانەدایە کە ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی کاریگەر دەست ببەین بۆ ڕێکخستن و خەبات بۆ سەرکەوتنێکی کۆنکرێتیی و مەلموس، لەگەڵ ئەوەی کۆی سیستەمی سەرمایەداریی ڕووبەڕووی تەحەدا بکەینەوە.

لەڕێگای خەباتی دەستەجەمعییەوە بۆ باشترکردنە کۆنکرێتیی(دیار) و بابەتییەکان – لانیکەمی کرێی 15 دۆلار لە سەعاتێکدا، چاودێریی و پەروەردەی خۆڕایی منداڵان، نیشتەجێبوون و کاری شایستە بۆ هەمووان و هتد – ئێمە پەرە بە متمانەبەخۆبوون و ئەم باوەڕە دەدەین کە دەبێت دەسەڵاتی ئابووریی و سیاسیی لە دەستی بەڕێوەبەرانی باڵای کۆمپانیا زەبەلاحەکان وەربگرینەوە و بیخەینە دەستی چینی کرێکارەوە.

هەرکە دەسەڵات بەدەستی چینی کرێکارەوە بوو، ئەوا دەکرێت کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی دیموکراتیی دابمەزرێت و بەمجۆرە بڕیارە ئابوورییەکان لەسەر بنەمای دابینکردن و بەرزکردنەوەی پێداویستیی خەڵک و ژینگە و نەک بەگوێرە و بۆ زۆرکردنی قازانجی کەمینەیەکی بچووک، دەدرێن.

## ڕیشەکانی سێکسیزم و ستەمکردن لە ژنان

بزووتنەوەی ژنان لە دەیەکانی 1960 و 1970، بۆ مافەکانی لەباربردن، کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان، و ڕەفتاری یەکسان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە وەرزشەوە بیگرە تا شوێنی کار، دەستی بە خەبات کرد و سەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەستهێنا. وێڕای ئەمە، ئەو دەستکەوتانە یەک لەدوای یەک خەریکن وەردەگیرێنەوە، بەتایبەت دەستگەیشتن بە چاودێرییەکانی سکپڕیی بەشێوەیەکی تەندروست و بە نرخی کەم.

هێرشکردنە سەر مافی ژنان، نەوەیەکی نوێی ژنان و پیاوانی لاوی ناچارکردووە ئەم پرسیارە بکەن: بۆچی دەبێت درێژە بەخەبات بۆ هەمان ئەو مافانە بدەین کە دایەگەورەکانمان بەدەستیان هێناوە؟! ئێستا یەک دونیا ژن لە نووسینگەکان،

ژنانێکی زۆر لە کارە دیار و بەرچاوەکانی وەک پزیشکیی، ئەندازیارییدا هەن و ژنان بەڕادەیەکی زۆر لەهەموو بوارێکدا کاردەکەن کە بۆ پیاوان هەیە. ئەی باشە بۆچی هێشتا ئایدیا سێکسیستییەکان و دژەژنیی هەر ماوەتەوە؟

ئەم پرسیارانە، زۆرێکی بەو دەرەنجامە گەیاندووە ە کێشەکە برتییە لە باوکسالاریی و ئیمتیازی تایبەتی پیاوان بەرانبەر بە ژنان و لە ئەنجامدا تەنها ڕێگاچارە، بریتییە لە گۆڕینی ئاراستەو ڕەفتاری پیاوان بەرانبەر بە ژنان، ئەویش لەڕێگای پەروەردەوە، تا پیاوان فێرببن کۆتایی بە ئیمتیازاتە تایبەتەکانی خۆیان بهێنن، و لەڕێگای هاندانی ژنان بۆ گێڕانی ڕۆڵ و نەخشەکانی ڕابەرایەتیکردن، ئەگەرچی فێرکردنی پیاوان دەربارەی پرسەکانی ژنانان و هاندانی ژنان بۆ گێڕانی ڕۆڵ و نەخشەکانی ڕابەرایەتیکردن هەنگاوگەلی گرنگن بەرەو یەکخستنی پیاوان و ژنان لە خەباتی هاوبەشدا بۆ ڕزگاریی هاوبەش، بەڵام لەڕاستیدا سێکسیزم و باوکسالاریی ناکەنە ئامانجی سەرەکیی خەباتەکەیان. ئەوان پیاوان بە کەمتەرخەم دەبینن – ئەمە خۆی درز دەخاتە ناو کرێکارانەوە – و نەک ئەو هەلومەرجانەی ئایدیاکانی سێکسیزم و توندوتیژیی پیاوانە بەرهەم دەهێنن.

ڕیشەی سێکسیزم و باوکسالاریی چییە و چۆن دەکرێت لەڕێگایەکی کاریگەرترەوە بیخەینە دەرەوەی بناغەکانی کۆمەڵگای مرۆیی و بگەین بە ڕزگاربوونی ژنان؟

نایەکسانیی نێوان پیاو و ژن شتێکی "سروشتیی" نییە کە هەمیشە بوونی هەبووبێت و بوونی دەبێت. زانیارییەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا ئەوە دەردەخەن پیاوان و ژنان بەدرێژایی بەشێکی گەورەی مێژووی مرۆڤ – پێش دەرکەوتنی شارستانێتیی کە خۆی لەگەڵ دەرکەوتنی کشتوکاڵدا سەریهەڵدا – بەگشتیی وەک دوو ڕەگەزی بەرانبەر سەیر دەکران. سەرهەڵدان و پەیدابوونی کۆمەڵگای چینایەتیی و دابەشکردنی کۆمەڵگا لەنێوان ئەو کەسانەی کاریان بۆ گوزەرانی ژیانیان دەکرد – کرێکاران یان چینی کرێکار – و ئەو کەسانەی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتیان بەسەر سەرچاوە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنان هەیە و لەسەر بەرهەمی کرێکاران دەژین – لە ڕابردوودا خاوەن کۆیلەکان و ئاغایانی دەرەبەگ و فیودال – هۆکارێک بووە ژنان لەلایەن پیاوانەوە بچەوسێنرێنەوە. بەڵام نەک بەبێ خەبات!

مێژووی شارستانێتیی، مێژووی ئەو پیاو و ژنانەیە کە بۆ خەباتیانکردووە بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ئەو شتانەی

لەسەردەمی گەشەکردنی کۆمەڵگای چینایەتیدا هەبوون: واتا کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی تەواو و یەکسان لەسەر زەحیرە و سەرچاوەکان و هێزی داریکەر و یەکاڵاکەرەوەی داهاتووی خۆیان. کەواتە کۆتاییهێنان بە ستەمکردن لە ژنان، پەیوەندییەکی پتەوی بە خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە کۆمەڵگای چینایەتیی و خەبات بۆ سیستەمێکی ئابووریی کۆنترۆڵکراو و بەڕێوەبراوی دیموکراتیی بۆ بەرژەوەندیی کۆی ئەو خەڵکەوە هەیە کە کاردەکەن. ئەمەش ئەو شتەیە لەڕێگای زاڵبوون بەسەر درز و بۆشایی نێوان پیاوان و ژنان بەدیدێت.

هەروەکچۆن "هێلن کیلەر" لە ساڵی 1913دا لە خەبات بۆ مافی دەنگدانی ژنان گوتی:

"وڵات بۆ دەوڵەمەندان، بۆ کۆمپانیاکان، خاوەن بانکەکان، بۆرسبازانی موڵک و ماڵەکان و چەوسێنەرانی کار بەڕێوە دەبرێت. بێگومان پێش ئەوەی بتوانین ژنان ڕزگار بکەین، ئێمە دەبێت ژنان و پیاوان بەیەکەوە ڕزگار بکەین. زۆرینەی مرۆڤایەتیی، کرێکارن. مادام خواست بۆ مافەکانیان – خاوەنداریێتیی و کۆنترۆڵی ژیان و بژێویان – بە سووک سەیر بکرێت، ئێمە نەدەتوانین مافی پیاوانمان هەبێت و نە مافی ژنان".

بۆ چوونە نێو خەباتێکی گاریکەر لەپێناوی کۆمەڵگایەکدا کە لەبەرژەوەندیی 99%دا بێت، لەو کۆمەڵگایەدا کە ژنان دەگەن بە کرێی یەکسان لەبەرانبەر کاری یەکسان، چاودێرییە خۆڕاییەکانی منداڵان، پەروەردەی خۆڕایی و دەستگەیشتنی ئازاد و یەکسان بە چاودێرییە پزیشکییەکانی سکپڕیی، ئەوا زەرووریيە زۆرترین یەکێتیی لەنێوان هەموو ئەوکەسانەدا واتا چینی کرێکار بەدیبهێنین کە لەلایەن سیستەمی سەرمایەدارییەوە دەچەوسێنرێنەوە.

یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکان لەبەرانبەر ئەم خەباتە هاوبەشەدا، مانەوەی پتەوی ئایدیا سێکیستییەکانە دەربارەی پیاوان، ئەم ئایدیایانە لەم ڕووەوە بەهێز دەکرێن کە سیستەمی هەنوکەیی وردەنانێکی زیاتر بە پیاوان دەدات کە هی ژنان کەمترە لەو وردەنانە. ژنان و پیاوان پێویستیان بە خەباتێکی هەمیشەیی دژی سێکسیزم لەهەموو فۆرمەکانیدا هەیە. کاریگەرترین ڕێگا و میتۆد بۆ زاڵبوون بەسەر پێشبڕیارەکان و جیاکاریی، بریتییە لە خەباتی یەکگرتووانە.

# خەباتی چینایەتی و ئازادیی ژنان

## تۆنی کلیف

## لە فارسییەوە: بێستون

*تێبینی: ئەوەی دەیخوێننەوە وەرگێڕدراوی پێشەکی کتێبی " خەباتی چینایەتی و ئازادی ژنان" نووسراوەی "تۆنی کلیف"ە. تۆنی کلیف لەم کتێبەدا باس لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی روسیا، ئەلمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا دەکات لە پەنجا ساڵی رابردوودا.*

لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا دوو بزووتنەوەی جۆراو جۆر لە تێکۆشاندا بوون هەتا لە بزووتنەوەی ژنان بکۆڵنەوە: مارکسیزم و فیمینیزم. داخوازیی هەردووکیان خاشەبڕ کردنی نایەکسانی و بارودۆخی ژێر دەستەیی ژنان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆیی و سەقامگیرکردنی هەلومەرجێکی یەکسانی ژنان و پیاوان بووە. بەڵام ئەم دوو بزووتنەوەیە، ستەمی سەر ژنان بە دوو شێوەی تەواو جیاواز لە یەکتر دەبینن و ستراتیژی جیاوازیان بۆ ئەم رزگاربوونە گرتۆتەبەر، کە بە تەواوی دژ بە یەکن.

فیمینیزم دوو فاقەبوونی سەرەکی لە بۆچوونیدا، بە لەتبوونی نێوان ژن و پیاو دەبینێ و هۆکاری ستەم لە سەر ژنان، پێداگری پیاوان لە سەر درێژەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ژنان دەزانێ، مێژوو، بە سەرهاتی پێکهاتەی پیاومەزنانەی نەگۆڕە کە پیاوان لە رێگای ئەوانەوە ژنان دەکێشنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

تەنیا ریگای ژێرەوژوور کردنی ئەم پێکهاتانە لە لایەن ژنانەوە لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بن، یەکگرتوویی لە دژی پیاوان لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێ دایە.

بەڵام مارکسیزم، چارەسەری بنەڕەتی لە کۆمەڵگا، ئانتاگۆنیزمی چینایەتیە و نەک دژایەتی نێوان رەگەزەکان. هەزاران ساڵە کە کەمایەتیەک لە ژنان و پیاوانی کرێکار پێکەوە هاوکاریان کردووە. خەباتی چینایەتی نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان بە دەر لە رەگەزەکەیان، هێزی پاڵنەری ئاڵوگۆرە مێژووییەکان بووە. ستەمی سەر ژنان تەنیا لە نێو جەرگەو پێکهاتەی بەرینتری چەوساندنەوەی چینایەتیدا، بۆ لێتێگەیشتن دەبێ. بەم جۆرە روون دەبێتەوە کە هیچ سات و سەودایەک لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا لە ئارادا بێ، هەر چەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک لە "فیمینیستە سۆسیالیستەکان" هەوڵیان داوە کە بە جۆرێک پردێک لە نێوان ئەم دوو رەهەندە دا دروست بکەن. لە سەردەمی بیرمەندانی گەورەی سۆسیالیزمی خەیاڵی سەرەتای سەدەی (١٩) واتە سان سیمۆن، فۆریە و رۆبۆرت ئۆوین، سۆسیالیستەکان رزگاری یەکجارەکی رەگەزی مرۆڤایەتیان بە ئامانجی خۆیان داناوە. واتە لە نێوبردنی ستەمی چینایەتی و ستەمی رەگەزی و هەر شێوازێکی تر لە ستەم.

مارکس و ئەنگلس بە بەرین کردنەوەی چەمکی مادی مێژوو، توانیان روونی بکەنەوە کە تەنیا خەباتی چینایەتیە کە دەتوانێ سۆسیالیزم و رزگاری ژنانی لێبکەوێتەوە. چەوساندنەوەیەک کە کرێکارانی پیاو و ژن بە یەکەوە لە شوێنی کاردا ئەزموونی دەکەن، ئەوان بەرەو رێکخستنی هەمەلایەنە لە دژی سەرمایەداری رێنوێنی بکات. خەباتی چینایەتی کرێکاران یەکگرتووە کە ستەم و چەوساندنەوە ژێرەوژوور دەکات.

یەکەم تێگەیشتنی ئەم بزووتنەوەیە لە نوێنگەری ژنانەوە لە مێژوودا بزووتنەوەی ژنان بە دروستی گلەیی دەکات کە "ژنان" لە روانگەی مێژووییەوە پشت گوێ خراون، بەڵام ئەم پشت گوێخستنەیان لە پەیوەند لە گەڵ ناوەرۆکی چینایەتی بە شێوەی نووسین و پەروەردەی مێژوویی لە کۆمەڵگای ئێمەدا نابینن. چونکە روانین بۆ مێژوو تەنیا بۆ کردەوەی ، دەسەڵاتدارانی وەک پاشاکان، جەنەراڵەکان، وەزیرە پایەبەرزەکان، پاپەکان، خاوەن بانکەکان، کارخانەکان، هونەرمەندانی گەورە، بیرمەندان و فەیلەسووفەکان دەڕوانن. سەرجەمی ئەوانەش بێجگە لە چەند پاشا، ئیمپراتۆر و ژاندارک هەر هەموویان پیاون. بەم جۆرە مێژووش هەروەک بە سەرهاتی پیاوان نووسراوەتەوە. بەڵام تەنیا چەند کەسایەتیەک شانازی ئاوڕدانەوە لە مێژوویان پێ براوە. کەوابوو ئەم رەخنەیە کە ژنان لە مێژوو جیاکراوەتەوە،

بەبێ سەرنجدان بەوەی کە سەرجەم پیاوانیش بە کردەوە تووشی ئەم چارەنووسە بوون، لە بنەڕەتدا بە مانای قەبووڵ کردنی ئوسولی نوخبەگەرایانەی مێژووی فەرمی یە. تەنیا مارکسیستەکان نەیاری لیبراوی دژ بەم بیرە جێگەوتووەن کە بە ئاشکرا رایانگەیاندووە کە "مێژووی کۆمەڵگا بریتییە لە خەباتی چینایەتی" و بەم جۆرەیە کە چینی چەوساوە و هەروەها چینی ژێردەستە – ژنان و پیاوان – جێگەی باسی مێژوون. هەڵبەت مێژوونووسانی بۆرژوازی، جەماوەری خەڵک وەک بوونەوەرێکی پاسیڤی مێژوو کە تەنیا لە ژێر کاریگەری کردەوەی چینە دەسەڵاتدارەکانن، دەناسێنن. بە پێی ئەم بۆچوون و تێگەیشتنەیە کە بزووتنەوەی ژنان، ژنان وەک کارتێکراوانی مێژوو واتە "قوربانیانی" ستەمی پیاوان دەبینێ. فیمینیستەکان باس لەوە دەکەن کە ئەوەی کۆمەڵگا و یان تاک بەسەر ژنانی داسەپاندووە. لەم بۆچوونەدا ژنان پاسیڤ و یان لایەنی کەم زۆر دژ کردەوە لە ئاست گوشارەکانی پیاواندا خۆیان دەردەخەن. گەورەترین پارێزەری چەمکی "قوربانی بوونی" پێگەی ژن لە مێژووی چەند ساڵی رابردوودا " سیمین دۆبوار" بووە. لە روانگەی ئەوەوە ژنان هەمیشە بێ ئیرادە و نموونە گەلێکی تایبەتی وەک ژنانی گەورەی مێژوو لە چەشنی ژاندارک

و ئەلیزابێتی یەکەمن، کە مەزنایەتی خۆیان بە وەدەستهێنانی ڕەوشێکی پیاوانەوە بە دەست هێناوە.

یەکێکی تر لە ڕوانگەکانی پەیوەندی دار بە "قوربانی بوونی" ژنان ئەوەیە کە ئەوان بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆریان بەسەردا نەهاتووە و لەوە دەچێ بۆ هەمیشە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی ژنانە بوون، هەتا شتێکی تر ئەو بایەخانەی کە لە لایەن بزووتنەوەی ژنانەوە پارێزگاری لێدەکرێ، بێگومان لە بەرانبەرکێی بایەخی ستەمکاران واتە ئەوەی کە "پیاوان بەڕێوەی دەبەن" قەرار دەگرێ. پیاوان نوێنگەری "هیرارشی"، پیاو مەزنی و دەسەڵاتن و ژنانیش نوێنگەری خوشکایەتی، هاوپشتی و یەکێتی کۆمەڵایەتین. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، حیزبە سیاسیەکان و یەکێتییە کرێکارییەکان هەروەک "پێکهاتەیەکی پیاوانە" و ڕێکخراو گەلێک بە مۆدێلی پیاوانە دەناسرێن. سەرپێچیکارانی بنەمای فیمینیستی لە نێو خۆیاندا بە سیفەتی "وەک پیاوانەوە" پاداشت دەکەن.

بە پێناسەیەکی ئەو تۆیە کە دەبینین بزووتنەوەی ژنان هەر ئەو بایەخ و ستاندارانە وێنا دەکات کە زۆربەی پیاوانی کۆنەپەرست لە مێژوودا لە سەقامگیر کردنیدا هەوڵیان بۆ داوە. دوژمن کارانەترین کردەوە بەرانبەر بە ژنان ئەو کەسانە ئەنجامی

دەدەن کە بەردەوام پشت بە ناوەرۆکی هەمیشەیی و نەگۆڕی ئەوان دەبەستن: ژیانی هەمیشەیی وەک بیانوویەک بۆ پاکانەی شێوازی جۆراوجۆری ئاستەنگ و بەربەستی کۆمەڵایەتی ویاسایی بەرانبەر بە ژنان کەڵکی لێوەردەگیرا. ئەم بۆچوونە کە لە بنەرەتدا سەرجەم ژنان وەک یەک پێناسە دەکات، زۆر لایەن لە بزووتنەوەی ژنان بەرەو ئەو شوێنە پەلکێش دەکات کە بە کردەوە پیاوانیش وەک یەک ببینێ. بۆ وێنە یەکێک لە گرنگترین کتیبەکانی بزوونتەوەی رزگاری ژنان واتە "سیاسەتی رەگەزی" نووسراوەی "کیت ملیت" لە بەر چاوە بگرن کە لەو کتێبەدا سەرجەم پیاوان وەک پیاو مەزنانێکی دڵرەق بە هەستێکی سووکایەتی پێکردنەوە و بە لە خۆبایی بوونەوە باس لە ستەمی سەر ژنان دەکات. کاتێک کە سەیری کۆیلەتی پیاوان لە رابردوو و یان ئەو کرێکارانەی کە لە سەر کار دەرکراون و وەتەنگ هاتووی ئێستا دەکەی، هەڵە بوونی ئەم پرووپاگەندەیە باشتر هەست پێدەکەی.

تیڕوانینی سوننەتی بۆ مەسەلەی ژنان بە تێگەیشتنی نەگۆڕ و دەروونی بۆ ژنان، هێمای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان، سەرچاوە گرتوو. لەو هێزانە نازانێ، کە لە نێو ئەوە کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین، هەڵس و کەوت دەکەن. بەڵکو سەرچاوە گرتووە لە سروشتی خودی ژنانەوە پێناسە دەکات و ئەم بۆچوونە

ڕەنگە بە شێوەیەکی هەڵە بەڵام بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو بزووتنەوەی ژناندا قەبووڵ کرابێ. توندڕەوترین باڵی بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان واتە “Radical Lesbians” بە ئاشکرا کردنی پەیوەندی ژن لە گەڵ ژن وەک بەیانیەیەکی سیاسی تەنها کارێک کە دەیکات چەواشە کردنی پێناسەی سوننەتی لە ژنان بە زیانی پەیوەندیان لە گەڵ پیاوانە.

هەوڵ دەدەین هەتا لەم کتێبەدا ڕوونی بکەینەوە کە هیچ ڕیزبەستنێکی ڕێکوپێک وەکو گرووپی ژنان لە گەڵ گرووپی پیاوان بێجگە لە لایەنی بیولۆژیکیەوە نەبێ، لە ئارادا نییە. ڕەهەندی نێوان کۆیلە و کۆیلەدار، خان و ڕەعیەت، چەمکی "پیاوان"ی بە هەمان ڕادە بێ ماناکردووە کە ڕەهەندەکانی نێوان ژنی کۆیلەدار و کۆیلەی ژنان، چەمکی "ژنانی" بێ مانا کردووە. بزووتنەوەی ژنان بە هۆی بۆچوونێک کە بەسەریدا زاڵە بە کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژەی "ژنان" و "ستەمی سەر ژنان" ئاوێتەی ڕێڕەوێکی گوماناوی، بێ متمانەیی و دژی مێژوویی دەبن. بۆ ژنانی کۆیلە، ستەم بە مانای توندوتیژیی جەستەیی، چەوسانەوەی ڕەگەزی وجیاکردنەوەی زۆرەملێ لە منداڵ و بۆ ئەڤینداری لەش پەروەر و خۆش نشینی کۆچبەری ئەورووپایی بە مانای بەرتەسک کردنەوەی کۆمەڵایەتی و یاسایی و سەرکوتی ئازەزووە ڕەگەزییەکان بووە. بۆ ژنانی چینی کرێکار، شۆڕشی پیشەیی

چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی سەرمایەداری و هەروەها ترس لە منالْداری لە هەل و مەرجی دژواری کار لەم کۆمەڵگایەدا پێناسە دەکات. (مردنی بەشێکی بەرینی منالاّن هەر لە سەردەمی کۆرپەییدا). بۆ ژنی سەرمایەدار بەلاّم ژیانی زاڵمانە  و لەش پەروەرانە. وێناکردنی سەرجەم ژنان لە ریزبەتنێکدا بە مانای هەلاّواردن و دەرهاوێشتنی هەلومەرجی مێژوویی تایبەتی و لە بەرچاو نەگرتنی رۆڵی ژنانی خاوەن سەروەت لە بە کۆیلە کردن و چەوساندنەوەی پیاوان و ژنانی کرێکارە.

لە نێو بزووتنەوەی ژناندا زۆر جێکەوتووە کە بارودۆخی ژنان وەک بارودۆخی کۆیلەکان، کەمایەتی رەگەزی ژێرستەم و لە بواری ئابووریەوە گروپی سەرکوتکراوی خەڵک بە یەک روانگە ببینن. بەلاّم خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم بەشانە زۆر کەمە. ژنان تاقمێکی جیاکراوە نین. ئەوان بەشێکی بەرینی کۆمەڵگان، ئەگەر ژنان چەوساوەن. پەیوەندی ژنان لە گەڵ پیاوان لە بنەماڵەدا لە بنەڕەتدا لە گەل پەیوەندی کرێکار و سەرمایەدار، یان نێوان رەش و سپی پێست جیاوازە. پەیوەندی قوڵ و دژواری ئابووری، رەگەزی و دەروونناسی، ژنانی ناچار بە هاوکاری کردن لە بنەماڵەدا کردووە. رەش پێستەکان و بە جیاواز لە ناوچەی سپی پێستەکان رادەگیرێن. سۆزی نێوان ژنان و هاوسەرەکانیان  خۆشەویستی نێوان دایک و کوڕ پەیوەندی زاڵ

و فەرمانبەرانە تێکدەشکێنێ. ڕەش پێستەکان لە ڕەگەزپەرستانی سپی پێست تورەن، بەڵام ژنان تەنانەت لە هەلومەرجی نایەکسانیشدا دەکەونە بەر خۆشەویستی پیاوانەوە. ژنان بە بەشێک لە کۆمەڵگایەک کە تێیدا دەژین دەژمێردرێن و بەم جۆرە ناکرێ بارودۆخی ئەوان بە جیا هەڵبسەنگێندرێ. ناوەرۆکی سەرەکی ئەم کتێبە لێکدانەوەی چۆنیەتی پەیوەندی چەمکی ستەمی سەر ژنان بە چەوساندنەوەی چینایەتیەوەیە. زۆربەی لایەنگرانی بزووتنەوەی ژنان کاتێک کە باس لە ستەمی هەنووکەیی سەر ژنان دەکەن، وەک بەرهەمی "پیاو مەزنی" باس لە ئاکامی ئەو ستەمە دەکەن. و بەم جۆرە ژێردەستەیی و زاڵبوون وەک هۆکارێک لە دەرەوەی مێژوو وێنا دەکەن کە بە جیا لە کۆمەڵگەی چینایەتی، یان سەرمایەداری بوونی خۆی دەردەخات. لە ئاست ئەم بۆچوونەدا ئاماژە بە" سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەت"ی فریدریک ئەنگلس وەک بنەمایەکی تیۆریک دەکەین. ئەنگلس بەم جۆرە بەڵگە دێنێتەوە کە سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتی و دابەش بوونی کۆمەڵگە بە چینەکان بوو، کە کۆت و بەندی ژنانی لێکەوتەوە.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، بەرهەمی پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، دەبینین کە ئێستاش نۆژەنکردنەوەی ئەو – واتە پەروەردەکردنی منداڵ –

کردەوەیەکی تایبەتیە کە بەردەوام لە چوار چێوەی ماڵدا دێتە ئاراوە. ستەمی سەر ژنان لە بەرانبەرکێ و ناکۆکی نێوان ئەم دوو رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ. بەم جۆرە خەبات بۆ رزگاری ژنان ناتوانێ لە خەبات دژی سەرمایەداری جیابێ. بوونی ستەم خۆی لە خۆیدا خەبات بۆ رزگاری لێناکەوێتەوە. ستەمی سەر ژنان بە هەڵاواردنیان و دەستبەسەرکردنیان لە چوارچێوەی بنەماڵەدا بە گشتی، لاوازی وکۆیلەتی ئەوانی لێدەکەوێتەوە. تەنیا لەم شوێنە کە ژنانی کرێکار هێزی یەکگرتوویان هەبێ دەتوانێ متمانە بە خۆیان پێبدا بۆ خەبات لە دژی چەوساندنەوە و توانا و هێزی خەبات لە دژی ستەمێک کە بە سەریان دا سەپاوە وەک ژن پەیدای دەکەن. لایەکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە کرێکارانی ژن وەک لایەنەکانی دیکەی ستەملێکراو، لە سەردەمی قەیرانی کۆمەڵایەتی لە زۆر بواردا شۆڕشگێرانی خۆڕسکی ئەم بوارە لە پیاوان بە تواناترن. خەباتی کرێکاران لە دژی چەوسانەوە، کلیلی خەباتی سەرکەوتوانەی ئەوانە لە دژی هەر جۆرە ستەمێک. بەم جۆرە یەکەم هەنگاوی ژنانی چینی کرێکار بۆ هاتنە نێو گۆرەپانی خەبات لە پێناو بوونیان، هاتنەدەر لە گۆشەی ماڵ و پێنانە نێو گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانە. بەڵام ئەم کارە بە مانای "رزگار بوون لە رێگای کارو پیشەوە نییە". ئەنگلس لە

کتێبی "بارودۆخی چینی کرێکاران لە بەریتانیا" بە وردەکاریەکی زۆرەوە شیدەکاتەوە کە چۆن ژیانی چینی کرێکاران بە پەلکێش کردنی ژنان بۆ سەر کار لە کارخانەکان ئاستێکی دڕندانە و نامرۆڤانە بە خۆیەوە دەگرێ. لە روانگەی کۆمەڵناسان، ئابووری زانان ومێژوونووسانی سەرمایەداریەوە، چەوساندنەوە تەنیا چەوسانەوەیە، بەڵام لە روانگەی مارکسیستەکانەوە چەوسانەوە تەوەری خەباتی چینایەتی و سەکۆی دەربازبوونی رزگاری مرۆڤەکانە. ئەو توندو تیژی و بەربەرییەی کە ئەنگلس باسی دەکا، خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوانی لە پێناو ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی چینی کرێکارانی لێ دەکەوێتەوە، کە ئێمە هەوڵ دەدەین لەم کتێبەدا ئەوە شیبکەینەوە. لەم کتێبەدا پێداگری ئێمە لە سەر ژنانی چینی کرێکار وەک کاتێکراوانی مێژوو و دروستکردنی ئەم مێژووە دێتەوە ئاراوە. مێژووی خەباتی ژنانی کرێکار بە جۆرێک دەوڵەمەند و بەرینە کە بۆ من زۆر دژوار بوو بتوانم چەند بەشێک لەم گۆڤارەدا بگونجێنم. لە ئاکامدا ناچار بووم تەنیا پوختەی ئەم خەباتە هەڵبژێرم. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە مێژووی ژنانیش لە خۆ دەگرێ، شۆڕشەکان ئەم پوختەیەن و هەر بۆیە ئاماژەم بە رۆڵی ژنان لە چوار شۆڕشدا کردووە.

به شۆڕشی سەدەی ١٧ی بەریتانیاوە دەستم پێکردووە کە بۆ یەکەم جار بیرۆکەی رزگاری ژنان و جۆرێک لە ئەخلاقیاتی رەگەزی نوێ پشکوتن. شۆڕشی فەرەنسا لە سەدەی ١٨ و کۆمۆنەی پاریس لە سەدەی ١٩، خەباتی لیبڕاوانەی ژنانی کرێکار ئاشکرا دەکات.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە مێژووی شۆڕشی ١٩١٧ دەکەین کە لە راستیدا دەکرێ بڵێین لەوە بە دواوە بوو کە یەکەم ساتەکانی رزگاری ژنان دەست پێدەکا. یەکەم هەڵێک کە یەکسانی تەواوی ئابووری، سیاسی، رەگەزی ژنان دەخرێتە دەستووری کاری مێژووە. سەرەتای نوێی سیاسی، ئابووری و بنەماڵەیی دەست پێدەکا کە ئامانجیان ژێرەوژوو کردنی یەکجارەکی نایەکسانی چەند سەد ساڵە بووە. دەوڵەتی نوێ مافی دەنگدانی بۆ ژنان بە رەسمی ناسی، یاسای تەڵاق و مافە مەدەنیەکانی پەسەند کرد کە بە گوێرەی ئەوان ئیزدواج پەیوەندێکی داخوازانە بوو و جیاوازی لە نێوان منالّی "مەشروع و نامەشروعی" هەڵوەشاندەوە. بەڵام سەرنجدان بە ناکامی شۆڕش بۆ پەرەگرتن لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و گرنگ تر لەوەش لە ئەلمانیا، شۆڕشی تەریک کەوتووی روسیا لە رەوتی سەرەکی خۆی لایدا و لە سەردەمی ستالین، دژە شۆڕش سەقامگیر بوو. هەموو شتێک کەوتە ژێر کاریگەریی بنەمایی پیشەسازی. هەر

بۆیە رژێم رێک سەرنجی نەدا بەو بەشانەی کە دەیانتوانی لە ئازاری ژنانی کرێکار کەم بکاتەوە. رژێم، لە سەردەمی ستالیندا بە مانای توێژبەندی توندی کۆمەڵایەتی بوو. کاربەدەستانی رژێم پێکهاتەی بنەماڵەیان هەر وەک پاوانجازان بۆ کۆمەڵگا بە قازانج دەزانی.

مێژووی تێکۆشانی رێکخستنی ژنانی کرێکار لە ڕێکخاوە سۆسیالیستیەکانی وەک مێژووی گشتی بزووتنەوەی چینی کرێکاران، بەسەرهاتی دوور و درێژی هەوراز و نشێوەکانە. سەربردەی دژوارو شکستە دڵتەزێنەکان. سەرەڕای ئەوەش خەبات درێژەی هەیە، تەنانەت ئەگەر قەرار بێ هەموو شتێک لە سەرەتاوە دەست پێ بکات. لە خەباتی رزگاریدەرانەدا – رزگاری ژنان و پیاوان – ئەرکی ئەم حیزبە ئەوەیە کە ریبەرایەتی خەباتی چینایەتی بە دەستەوە بگرێ و بە خەبات لە دژی بیرباوەری زاڵی بۆرژوازیی هەوڵ بدات بە سەر کەندو کۆسپەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار- هەورەها نێوان ژنان و پیاوان – زاڵ بێت و سەرەنجام لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵایەتیدا ئەم چینە رێبەرایەتی بکات. مێژوو بە شێوەیەکی بی بەزەییانە دەر دەخات کە هەتا چەندە دامەزراندنی حیزبی جەماوەری سۆسیالیستی ئەرکێکی تاقەت پڕوکێن و دژوار بووە و ئەو گیروگرفتانەیە کە لە سەر

هەوڵەکانی پەیوەندیداربە سەرکەوتنی ژنانی کرێکارەوە کاریگەری دەاەنێ. پێنج بەش لەم کتێبە تەرجان کراوە بۆ سەرکەوتن و شکستەکانی ریکخستنی ژنانی کرێکار لە نێو بزووتنەوەی سۆسیالیستی ساڵەکانی ١٨٦٠ بۆ ١٩٢٠ لە وڵاتانی ئەمریکا، ئەلمانیا،روسیا،فەرەنسا و بەریتانیا.گەشەی ئەم بزوونتەوە جۆراوجۆرانە، جیاوازی زۆریان پێکەوە هەبووە. یەکەم جیاوازی بۆ جیاوازی گەشەی ئابووری لەم وڵاتانە هەڵدەگەرێتەوە. پەیوەندی بارودۆخی ژنان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە ئارادا بووە و هەروەها ئەم بیروباوەرانەی کە لە لایەن ژنانی سۆسیالیستەوە لەم وڵاتانە پەرەی پێدەدرا و لەم بیرۆکانەدا نوێنگەری سیاس و رێکخراوەیی بزوونتەوەی ژنانی سۆسیالیست گەشەی دەکرد، زۆر هەستیار و ناسک بوو. هەر بۆیە بزووتنەوەی ژنانی کرێکار لە وڵاتانی جۆراوجۆر جیاوازی زۆریان بەیەکەوە هەبووە و ئەم جیاوازیانەش لە جیاوازی نێوان چینی کرێکار لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و هەروەها لە جیاوازی گەشەی ئابووری لە وڵاتەکاندا زۆر زیاترە. بەڵام پاش ساڵەکانی ١٩٢٠، مەسەلەی رزگاری ژنان بە هەڵکردنی گێژاوی ترسناکی قەیرانی گەورەی ئابووری، نازیزم، ستالینیزم و سەرهەڵدانی دووبارەی سۆسیال دیموکراتی راستڕەویی کەوتە پەڕاوێزەو لە بیر کرا. تەنیا نیو

سەدە دواتر بوو کە بزووتنەوەی نوێی ژنان لە ساڵەکانی قەیرانی قوڵی سەرمایەداری جیهانی لە کۆتایی دەیەی ٦٠ و سەرتای دەیەی ٧٠ سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە. لە بەشەکانی کۆتایی کتێبەکەدا چاوێک دەگێرین بە سەر بزووتنەوەی رزگاری ژنان لە ئەمریکا و بەریتانی. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێوەی کارکردی ئەوان هەڵدەسەنگێنین. نیشان دەدەین کە چۆن ئەم بزوونتنەوانە سەرنجیان داوەتە قەڵەمڕەوێک کە ژنان و پیاوان لە یەکتر نامۆن، دەست درێژی رەگەزی، لێدانی ژنان، و حەقدەست بۆ کاری نێوماڵ- و سەرنجیان نەداوە بە خەباتێکی گرنگ کە ژنان بۆ وە دەستهێنانی پشتیوانی پیوان، سەرکەوتنی گەورەتر بە دەست دێنن بۆ وێنە مانگرتن، دژایەتی لە گەڵ کەمکردنەوەی هەزینەکانی ئاسایش، حەقدەستی یەکسان و یەکێتی کرێکاری. بزووتنەوەکانی ئەو سەردەمەش، ژنان بە قوربانیانی زاڵ بوونی پیاومەزنی وێنا دەکات و نەک وەک ئەندامی خەباتگێری چینی کرێکاران بە جێگای وردبوونەوە لەو شوێنانەی کە ژنان بەهێزترن – لە چەشنی یەکێتیەکان و شوێنەکانی کار- زۆرتر سەرنجیان داوەتە ئەو لایەنەی کە تێیدا لاوازترن. هەر بۆیە بزووتنەوەکانی ژنان کەوتۆتە بەراوێزەوە و لە بەربەری لێکترازان و هەڵوەشان دابووە، هەر چەند کە

بیروباوەڕەکەیان هەنووکەش لە ئاستێکی بەریندا کاریگەری هەیە.

لەم بزووتنەوانەدا وردە بۆرژوازی نوێ، مۆری چۆنیەتی و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی خۆی لە چەمکی ستەم و رزگاری ژنان داوە. هەم ژنان و هەم پیاوانی ئەم چینە بە دەست جۆرێک لە خۆنامۆ بوونەوە ئازار دەکێشن – و ژنان زیاتر بە دەست ئەم لە خۆ نامۆ بووەنوە دەناڵێنن چونکە بەردەوام لە بەرزو نزم بوونەوەی پیشەکاندا زوڵمیان لێدەکرێ و تووشی هەڵاواردن دەبن – شۆڕشی ئەم چینە ناونجیە ئەوەندە گرنگ بوو کە مارکس وەک "سۆسیالیزمی وردە بۆرژوازیی" پێناسەی دەکات. ئەوان نایەکسانی و شەراشۆبییەکانی نیزامی سەرمایەداری لە قاو دەدەن، بەڵام هەروا تاک پەرستن و توانای ئاوێتە بوون لە گەڵ چینی کرێکاران یان نییە، کە چینی کرێکاران تاکە چینێکە دەتوانێ کۆتایی بە سەرچاوەی ئەم نایەکسانی یانە بێنێ. لە کۆتاییدا ئاوڕێک لە ستەمی سەر ژنان لە کۆمەڵگای ئێستادا و هەروەها بنەماڵە و پێشینەی مێژووی کە بنەماڵەی چینی کرێکاری شکل پێدا دەدەینەوە. بۆچی بنەماڵەی چینی کرێکار کە لە سەردەمی سەرەتای گەشەی سەرمایەداری ئەوەندە "هاوچەشن" نەبوو، توانی بمێنێتەوە؟ چۆن و بۆچی ژنان و پیاوانی کرێکار لە پێناو بەرگری لە بنەماڵە خەباتیان کرد و ژنان

دەبێ چ نرخێک بۆ سەرکەوتنە دیاریکراوەکانی خۆیان لە توندوتیژی سەرمایەداری بدەن؟ ئەمڕۆ کانە بنەماڵە رۆڵی پشتیوانی هەیە یان ستەمکارانە و یان هەردووکیان؟ رۆڵی ئەو وەک ناوەندی لە خۆنامۆ بوونی ژنان چییە؟ ئایا بنەماڵە دەتوانێ خەڵوتگایەکی هێمن بۆ ئەڤین و جوانیەکانی دەروون لە کۆمەڵگایەکدا بێ کە سەرجەم پەیوەندی تاکەکان چەواشە کراوە؟ چین، چۆن لە سەر بنەماڵە کاریگەری دەبێ؟ بە کام شێوە بنەماڵەکانی چینی کرێکاران لە گەل بنەماڵەکانی چینی ناوەراست، جیاواز دەبن؟.

بەشی کۆتایی باس لە پەیوەندی نێوان چەوساندنەوەی ژنانی کرێکار و ستەمی سەر ئەوان وەک ژن دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ستەم لە کۆمەڵگادا و بە تایبەت لە بنەماڵە، چ کاریگەریەکی لە سەر ژنان دەبێ؟ پەیوەندی نێوان خەباتی چینایەتی لە دژی چەوسانەوە و سەرمایەداری لە لایەک و خەبات لە دژی ستەمی سەر ژنان چییە؟ ئەو رێکخراوانەی کە بۆ رێبەرایەتی کردنی ئەم دوو خەباتە کە پێگەی چەمکی مارکسیستی پەیوەندی چەوسانەوە، ستەم و رزگاری لە نێو جەرگەی مێژوودا روون بکەینەوە. ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە رزگاری ژنان ناتوانێ بەبێ سەرکەوتنی سۆسیالیزم بەدیبێت و سۆسیالیزمیش بەبێ رزگاری ژنان مسۆگەر نییە.

# مارکسیزم و فیمینیزم

## کریس هارمان

## لە عەرەبییەوە: بابان ئەنوەر

هەمیشە دوو ئاڕاستەی جیاواز هەن دەربارەی ئازادبوونی ژن: "فیمینیزم" و "سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی". فیمینیزم کاریگەرییەکی باڵادەستی هەیە بەسەر بزووتنەوەکانی ژنانەوە کە لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا سەریانهەڵداوە. فیمینیزم لەو بیرۆکەیەوە دەستپێدەکات کە ئەوە پیاوانن هەمیشە ژنان دەچەوسێننەوە، بەوپێیەی شتێک لە بونیادی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژیی پیاودا هەیە وادەکات پیاوان وەک بونەوەرێکی نزمتر لەخۆیان مامەڵە لەگەل ژناندا بکەن. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەو ئایدیایە کە ئازادبوون تەنها بە جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان بەدیدێت، جا بە جیاکردنەوەی تەواوی ئەو فیمینیستانە بێت کە بەدوای "شێوازی ژیانی ئازادانەدا" دەگەڕێن، یاخود بە جیاکردنەوەی بەشەکی (جزئي)، وەک لیژنەکانی ژنان و کۆبونەوەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان و ئەو ڕووداوانەی تەنها تایبەتن بە ژنان.

زۆرێک لەو ژنانەی پشتگیریی لەم جیاکردنەوە بەشەکییە دەکەن، خۆیان بە "سۆسیالیست فیمینیست" دەناسێنن. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، لەناو بزووتنەوەی ژناندا ئایدیای "ڕادیکاڵ فیمینیست" لەنێو لایەنگرانی جیاکردنەوەی تەواوەتیدا سەریهەڵدا. ئایدیای جیاکردنەوەی تەواوەتی وردەوردە لە باڵێکی تاڕادەیەک



ڕادیکاڵەوە بوو بە داواکەری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی لەچەشنی هەبوونی پەناگە و شێڵتەر بۆ ژنان.

ئەم شکستە ژنانێکی زیاتری بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە برد؛ بەرەو پارتی کرێکاران. ئەمانە لەو باوەڕەدا بوون کە دانانی ژنی شیاو لە شوێنی شیاو –وەک ئەندام پەرلەمان، بەرپرسی سەندیکا، ڕاوێژکاری ناوخۆیی– تاڕادەیەک یارمەتی گشت ژنان دەدات بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی.

بەڵام نەریتی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵە ئایدیایەکی تەواو جیاوازەوە دەستپێدەکات. مارکس و ئەنگڵس، لەساڵی ١٨٤٨ ئەو خاڵە دەخەنەڕوو، سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە چەوساندنەوەی ژن لە بیرکردنەوەی ناو مێشکی پیاوانەوە سەریهەڵنەداوە، بەڵکو سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی خاوەندارێتیی تایبەت و لەگەڵیشیدا دەرکەوتی کۆمەڵگەی دامەزراو لەسەر چینایەتی. لای مارکس و ئەنگڵس، خەبات بۆ ئازادکردنی ژن، جیاکراوە نییە لە خەبات بۆ کۆتایهێنان بە کۆی کۆمەڵگەی چینایەتی –واتە خەبات لەپێناو سۆسیالیزمدا.

هەروەها مارکس و ئەنگڵس ئاماژەیان بەوە داوە کە گەشەسەندنی سەرمایەداری لەسەر بنەمای سیستەمی کارگە، گۆڕانکاریی گەورەی لە ژیانی مرۆڤدا بەدوایخۆیدا هێناوە،

بەتایبەت لەژیانی ژناندا. جارێکی دیکە ژنانی گێڕاوەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، کە لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی چینایەتیدا بەرەبەرە لەو بەرهەمهێنانە دوورخرابوونەوە.

ئەمە ئەو هێزەی بە ژن بەخشی کە لەناخیدا شاردرابوەوە، بەڵام پێشتر هەرگیز سوودی لێوەرنەگیرابوو. کارکردنی ژنان وەک کرێکارێکی ڕێکخراو بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ، سەربەخۆییەکی زیاتری پێبەخشین و هێزێکی پێبەخشین بۆ خەبات لەپێناو مافەکانیاندا. ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ شێوازی ژیانی پێشتریان، کاتێک ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرهەمهێناندا لەناو خێزاندا بوو، ئەمەش وەهای کردبوو بە تەواوی پشتببەستن بە سەرۆکی خێزان –واتە مێرد و باوک.

لەمەوە مارکس و ئەنگڵس دەگەنە ئەو ئەنجامگیرییەی کە بناغەی ماتریالیستیی خێزان، هەروەها چەوساندنەوەی ژن، پێشتر بوونی نەبووە. ئەوەشی ڕێگربووە لەوەی ژن سوود لەودۆخە وەربگرێت، بریتییە لەو ڕاستییەی کە خاوەنداریێتیی لەدەستی کەمینەیەکدا بووە. لەئەمڕۆشدا گرنگترین هۆکار بۆ مانەوەی ژنان بە چەوساوەیی، بریتییە لەو ڕێگەیەی سەرمایەداریی خۆی پێڕێکخستووە –بەتایبەت ئەو ڕێگەیەی کە سەرمایەداریی فۆڕمێکی دیاریکراوی خێزان بەکاردەهێنێت لەپێناو دڵنیاییدان

لەوەی کرێکارەکانی [ئەو کرێکارانەی لەژێردەستی خاوەنکار و سەرمایەدارەکاندا کاردەکەن] منداڵەکانیان گەورەدەکەن بۆئەوەی ببنە نەوەی داهاتووی کرێکاران[1]. ئەمە خاڵێکی جیاکەرەوەی گرنگە، واتە لەو دەمەی سەرمایەداری موچە

[1] ئەم میکانیزمە هەر بە تەنها بۆ مسۆگەرکردنی دەستی کار نییە لە داهاتوودا، یاخوود بۆ جۆرێک لە فریودانی کرێکارەکان بەوەی داهاتووی منداڵەکانیان لە کارکردندا مسۆگەرە، بەڵکو جۆرێکە لە کۆیلایەتیی دەرەبەگایەتی. لە سەردەمی کۆیلایەتی دەرەبەگایەتیدا کاتێک ئەو کەسەی لەبەردەستی دەرەبەگەکەدا کاریدەکرد (واتە کۆیلەکە) ئەوا ئەو کەسە کە منداڵێکی لەدایک دەبوو، ڕاستەوخۆ بە کۆیلەیی لەدایک دەبوو چونکە باوکی کۆیلەیە، بە مانایەکی دیکە باوکی لە چینی خوارەوەی چەوساوەیە. بەهەمان شێوە سەرمایەداریی ئەمڕۆش خەمخواردنی بۆ نەوەی کرێکاران تەنها بۆ ئەوەیە کە نەوەی کرێکار وەک باوکی بە کرێکاریی بمێنێتەوە، واتە کرێکارەکانی ئێستا نەوەکانیشیان ببن بە کرێکار، ئەمەش دەبێتە هێڵێکی مێژوویی-بۆماوەیی کە ئیدی نەوەی نوێ خۆی بە خاوەنی سامان نەزانێت، چونکە سامان موڵکی چینی باڵایە، ئەمیش لە باوکێکی چینی خوارەوە بووە، کەواتە سامان مافی ئەو نییە و بۆی نییە خۆی بکات بە خاوەنی، بەڵکو ئەگەر بە خواستی سیستەمی سەرمایەداری بێت نەوەکانی ئەم کرێکارە نوێیەش هەر بەو جۆرە بە کرێکاریی و پسوڵەی چینی خوارەوە لەدایکبن. بەڵام وەک هەموو کارەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەم میکانیزمەشدا بۆمبێکی تەوقیتکراوی تێدایە دژ بەخۆی، ئەویش ئەوەیە کە هەموو لە دایکبوونێک لە دەرەوەی چینی سەرەوە و حاکمان، ئۆتۆماتیکی لە چینێکی دژ بەوانە، ئەی کێیە هەمیشە مەترسییە بۆسەر چینی سەرەوە و سەرمایەداران؟ بێگومان چینی کرێکاران و چەوساوە، کەواتە سیستەمی سەرمایەداری ئەگەر پێیوابێت بە بەکرێکار هێشتنەوەی نەوەی کرێکاران کەسێکی ڕامکراوی بۆ هاتۆتە دنیاوە، ئەوا دیووی دووەمی ئەم لەدایکبوونە بریتییە لە لەدایکبوونی دوژمنێکی دیکەی سەرمایەداری، یان وەک مارکس دەڵێت گۆڕهەڵکەنێکی دیکەی سەرمایەداری.

دەدات بە کرێکاران هەتاوەکو کاربکەن -هەروەها بەشێوەیەکی زۆرتریش بۆ ژنان- ئەوا ژنان بێبەرانبەر ژیانی خۆیان تەرخاندەکەن بۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی مێردەکانیان ئامادەن بۆ کارکردن لە کارگەکاندا و منداڵەکانیشیان لە داهاتوودا هەمان کار دەکەن.

بەڵام سۆسیالیزم بە پێچەوانەی ئەوەوە، کاردەکات بۆئەوەی کە کۆی کۆمەڵگە زۆرێک لەو ئیشانە لەخۆبگرێت کە خێزان پێیهەڵدەستێت و سەرشانی ژنانی قورسکردووە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە مارکس و ئەنگڵس و شوێنکەوتووەکانیان دروشمی "نەهێشتنی خێزان"یان بەرزکردبێتەوە. لایەنگرانی خێزان هەمیشە دەتوانن ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی زۆرترین چەوساندنەوە بوونەتەوە ئاڕاستەبکەن بۆ پشتگیریکردن لە خێزان، ئەوان دروشمی "نەهێشتنی خێزان" بەوجۆرە دەبینن [یاخود بەوجۆرە پیشانی ژنانی دەدەن] کە ڕێگەکردنەوەیە هەتاوەکو پیاوەکان دەست لە ژنەکانیان و بەرپرسیارێتی منداڵەکانیشیان هەڵبگرن.

لەبەرانبەر ئەوەدا، سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان هەمیشە لەهەوڵدان بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا واباشترە هەرگیز ژنان ناچارنەکرێن بە ژیانێکی

هەژارانە و کوێرەوەریانە، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خێزان ئەمەی پێشکەشکردوون.

فیمینیستەکان هەمیشە ئەم جۆرە شیکارە ڕەتدەکەنەوە. بەبێ نزیکبوونەوەی زیاتر لە ژنان و دۆزینەوەی هێزەکانیان بۆ گۆڕینی جیهان و کۆتاییهێنان بەو ستەمەی لێیان دەکرێت - هەروەها بەبێ زەقکردنەوەی هێزی هەرەوەزییان لە کارکردندا- ئەم فیمینیستانە تەنها کاریان ئەوەیە بە ستەملێکراو لە ژن بڕوانن. بۆ نموونە ئەو کەمپینانەی ساڵانی هەشتا دەکران، هەموویان فۆکوسیان خستبوەسەر پرسی وەک دەستدرێژی بۆسەر ژنان (اغتصاب) و لەشفرۆشی و هەڕەشەی چەکی ئەتۆمی لەسەر ژنان و خێزانەکانیان. هەموو ئەمانە لەو خاڵەوە سەرچاوەدەگرن کە ژنان بونەوەرگەلی لاوازن (ضعیفة).

فیمینیزم لەو گریمانەیەوە دەستپێدەکات کە ستەمکاری باڵادەستترە لە دابەشبوونی چینایەتی. ئەنجامەکانی ئەم گریمانەیە بەهیچ جۆرێک دەست بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی نابات، بەڵکو هەموو ئەوەی دەیکات باشکردنی دۆخی هەندێک لە ژنانە -کە ئەوانەش کەمینەیەکن. بە باڵادەستبوونی "چینی ناوەندی نوێ" بەسەر بزووتنەوەکانی ژناندا -وەک ژۆرنالیستەکان، نوسەرەکان، وانەبێژەکانی زانکۆ، هەروەها پلە بەرزە یەخە

سپییەکان[2]- کۆتایی بە خودی ئەو بزووتنەوانە هێنا. بەڵام کرێکارانی دیکەی وەک سکرتێرەکان، کارمەندی تۆمارەکان، تایپێستەکان و کارپێکەری ئامێرەکان، پشتگوێخراون.

پرسی ئازادبوونی ژن تەنها لە کاتی گۆڕانکارییە ڕیشەییەکان و شەپۆلە شۆڕشگێڕییەکاندا دەبێتە ڕاستی، ئەم ڕاستییەش تەنها بۆ کەمینەیەک نییە، بەڵکو سەرجەم ژنانی چینی کارکەر دەگرێتەوە. شۆڕشی بەلشەفیکی ١٩١٧ یەکسانیی زۆر زیاتری بۆ ژنان هێنا، وەک لەوەی پێشتر لە جیهاندا هەبوو. مافی جیابوونەوە (طلاق) و لەباربردنی منداڵ[3] و نەهێشتنی

---

[2] White colar جۆرێک لە کرێکاریی پیشەیی و هونەریی، زیاتر لە نووسینگە و ئۆفیسەکاندا وەک ڕیجیستەر کاردەکەن، نزیکە لە موچەخۆر و فەرمانبەرانی ئێستا.

[3] لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێت بۆچی لەبەربردنی منداڵ بە دەستکەوت دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەمە شتێکی هەرئاوا سەرپێی نییە و ڕێوشوێنی خۆی هەیە، بەڵام با بپرسین ئایا لەباربردنی منداڵ لەلایەن ژنەوە ئاساییە؟ وەک دەزانین هەموو پڕۆسەیەکی دووگیانبوونی سروشتی لەنێوان دوو کەسدا دەبێت، هاوکات ئەم پڕۆسەیە دوو فۆڕمی هەیە: (لەچوارچێوەی ژیانی هاوسەرگیرییدا) لەگەڵ (لە دەرەوەی پڕۆسەی هاوسەرگیریی –ئەوەی پێیدەگوترێت ناشەرعی). سەبارەت بە فۆڕمی یەکەم، لە ڕاستیدا دەگمەنە ژن و پیاوێک هاوسەر بن و کاتێک ژنەکە دووگیان دەبێت ژنەکە منداڵەکەی لەباربەرێت، مەگەر لە حاڵەتێکی تایبەتدا. بەڵام ئەم فۆڕمەی دووگیانبوون دیوێکی دیکەی هەیە، ئەویش کاتێک ژنەکە لە دەرەوەی هاوسەرەکەی خۆی لە پیاوێکی دیکە دووگیان دەبێت، کە بێگومان ئەگەری ئەوە هەیە کاتێک مێردی ڕاستەقینەی ژنەکە بەمە دەزانێت ئامادە نەبێت بەرپرسیارێتیی ئەو منداڵە هەڵگرێت و کێشە بۆ ژنەکە دروستبکات و ژیانی بخاتە مەترسییەوە،

سکپڕبوون بۆ هەمووان دابینکرابوو. هەروەک بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵ دەکەوتە سەرشانی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی ڕێستۆرانت و جلشۆرگە و دایەنگەی هاوبەش (communal)، هەروەها ئازادییەکی زیاتری بە ژنان بەخشی لە هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی ژیانیان[4].

بێگومان ئەم هەنگاوانە لە پێشکەوتن دابڕاو نییە لە ڕێڕەوی خودی شۆڕشەکە. برسێتی و شەڕی ناوخۆ و تیاچوونی بەشێکی گەورەی چینی کارکەر و شکستهێنانێکی جیهانیی شۆڕش، هۆکاربوون بۆ شکستی حەتمیی سۆسیالیزم لە خودی ڕووسیادا، بەمجۆرە ڕەوتی ڕوو لە یەکسانیی بەتەواوی پێچەوانەبووەوە.

---

وەک هەمیشەش ئەو پیاوەی کە لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەم ژنەی دووگیان کردووە بێ باج ڕزگاری دەبێت. ئایا لە دۆخێکی وەهادا بۆچی لەباردبردن ئاسایی نەبێت؟ سەبارەت بە فۆڕمی دووەمی دووگیانبوون کە لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییە، بێگومان وەک هەمیشە ئاسەوارێک بە ژنەکەوە دیارە کە بریتییە لە دووگیانبوونەکە، بەڵام دیسان پیاوەکە بێباکانە ڕزگاری دەبێت و هیچ بەرپرسیارێتییەک هەڵناگرێت، بەهەمان شێوە لەم حاڵەتەشدا لەباربردنی منداڵ لەلایەن ژنەوە بۆچی ئاسایی نەبێت؟

[4] مەبسەت لەوەیە ئەو کارانەی کە کولتوورێک یان دیدێکی کۆمەڵایەتیی خستویەتیە سەر شانی ژنان بە تەنها، ئەوا دەبێت سەر شانی ژنان سوک بکرێت و بخرێتە سەر کۆی کۆمەڵگە، واتە مەبەست لە پیاوانە کە ناکرێت هەندیک کار تەنها بۆ ژنان بەجێبهێڵن و وەک کارەکەر مەمەڵەیان لەگەڵ بکەن.

بەڵام سالآنی سەرەتای کۆماری سۆڤیەتیی ئاسۆیەک هەبوو بۆ بەدیهاتنی شۆڕشی سۆسیالیستی، تەنانەت ئەگەر لە خراپترین بارودۆخیشدا بێت. بەڵام ئەمڕۆ ئەگەرەکانی ئازادبوونی ژنان لە بەریتانیا باشترە، دەکرێت ئەم باشییە بەسەر دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی دیکەشدا جێبەجیببێت –لەکۆی پێنج کرێکار دووانیان ژنن.

ئازادبوونی ژنان تەنها لەمیانەی هێزی بەکۆمەڵی چینی کارکەرەوە دەکرێت بەدیبێت. ئەمەش بە واتای ڕەتکردنەوەی ئایدیای فیمینیستی لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ژناندا. تەنها لەمیانەی کاری کرێکارانی ژنان و پیاوانەوە وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو، دەتوانرێت کۆتاییبهێنرێت بە کۆمەڵگەی چینایەتی و لەگەڵیشیدا چەوساندنەوەی ژنان.

# کێ ستەم لە ژن دەکات؛

# پیاو یان سەرمایەداری؟


جۆن کاردوێڵ

لە عەرەبییەوە: بابان ئەنوەر

هەتاوەکو ئێستاش هەندێک کەس پێیان وایە چەوساندنەوە و ستەمکردن لە ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک کار و کردەوەی هەڵەی بەشێک لە پیاوان. بۆ بەرگریکردن لەم بۆچوونەشیان دەڵێن: ئەوە پیاوە قسەی ناشیرین و ناشایستە بە ژن دەڵێت، ئەوە پیاوەکانن لەپشت بازرگانیی سێکس و پۆرنۆگرافییەوە وەستاون، هەر پیاوەکانیشن مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ژناندا دەکەن و دەستدرێژییان دەکەنەسەر، هەمووی پیاوەکانن نەک سیستەمەکە. بەم لۆژیکە توێژەران هەموو شتێکیان لەوەدا کورتکردۆتەوە کە کێشەکە لەناو مامەڵە و ڕەفتاری پیاواندایە و ئەم سیستەمە چینایەتییەی باڵادەستە، بێتاوانە لەئاست چەوساندنەوەی ژناندا. بەڵام ئێمە پێویستە بەم شتە ڕووکەشانە باوەڕنەکەین و بچینە ناو ڕیشەی کێشەکە و بزانین لە قوڵاییدا چی شتێک خۆی حەشارداوە.

بە قسە ئاسانە بگوترێت توندوتیژی سیمایەکی سروشتیی و زگماکیی نێرینەیە. بەڵام ئێمە دەزانین، وێڕای بەرزیی ڕێژەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، زۆرینەی پیاوان بەو شێوە توندوتیژە مامەڵە ناکەن. زۆرینەی ژنان هاوڕێکانیان لە ڕەگەزی نێرن، هەروەک خاوەنی باوک و بران، کە مەرج نییە ئەمانە هەموویان حەز بە توندتیژی دژ بە ژنان بکەن.





هەمووومان ئەوە دەزانین کە (مارگرێت تاتچەر)ی ئەندامی پارتی پارێزگاران و سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا، کە ژنێک بوو، بەرپرسە لەو شەڕە خوێناوییەی لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا لە دورگەی "فۆکلاند" هەڵگیرساند، هەروەک چۆن یەکێک بوو لە لایەنگیر و پاڵپشتە سەرسەختەکانی ئیمپریالیزم و داگیرکارییەکانی ئەمریکا. هاوکات بینیمان چۆن ژنە سیاسەتمەدارە ئەمریکییەکانی وەک (هیلاری کلینتۆن) و (مالدین ئۆلبرایت) پشتیوانییان لە شەڕە داگیرکارییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی کرد [بە ناوی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتییەوە] لە وڵاتانی وەک عێراق و ئەفغانستان.

بەڵێ ملیۆنان پیاویش شەڕی دڕندانەیان دژ بە یەکتر هەڵگیرساندووە، لەڕاستیشدا ئەو شەڕانە سیمایەکی مێژوویین لە سیماکانی سەرمایەداری. بەڵام بۆچی پیاوان شەڕ هەڵدەگیرسێنن؟ بێگومان لەبەرئەوە نییە کە بە سروشتی خۆیان و لە سکی دایکیانەوە حەزیان لە توندوتیژی بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوە حکومەتە سەرمایەدارەکانن کە هەڵمەتێکی پروپاگەندەی زەبەلاحیان سەرپێخستووە لەپێناو باوەڕهێنان بە پیاوانی چینی کرێکاردا(*) کە شەڕ ئەنجامبدەن. ئەوەی دەیسەلمێنێت پیاوەکان بە سروشتی خۆیان توندوتیژ و شەڕخواز نین، ئەوەیە کە کاتێک دەکرێنە سەرباز پێویستیان بە

خولی سەربازیی و ڕاهێنانی زۆر هەیە بۆ فێربوونی شەڕ و کوشتار، کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان تووشی شۆک دەکات، کاتێک هاندەدرێن بەزۆر بەشداریی لە کردەی کوشتن و خوێناوییدا بکەن.

لەڕاستیدا حاشا لەوە ناکرێت کە هەندێک لە پیاوان بەزۆر دەستدرێژیی دەکەنە سەر ژنان، یاخود خاوەنی جۆرە بیرکردنەوەیەکن بۆ جیاکاریی ڕەگەزیی دژ بە ژنان، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا ژن دەچەوسێندرێتەوە، هەرگیز ڕەنگدانەوەی بونیادی دروستبوونی سروشتیی ڕەگەزی نێر نییە، هیچ ڕیشەیەکی زگماکی و سروشتیی توندوتیژی نییە کە لە پیاودا هەبێت و لە ژندا نەبێت، بەڕاستی سروشت هێندەی قەیرانە ئابوورییەکان بەزەبر و توندوتیژ نییە.

لەم ڕوانگەیەوە، هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە ئەگەر کاروبارەکان بەدەست ژنانەوە بوونایە و دەسەڵاتیان هەبووایە، دەکرا ڕێگریی لەو قەیرانە کوشندە ئابوورییە بکرێت کە ڕووی لە جیهان کردووە. بەڵام بەڕاست پێتان وایە کاروبارەکان لەمە باشتر دەبوون ئەگەر چەندین ژنی دیکەی وەک (کریستین لاگارد)ی سەرۆکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، لە سەرەوەی دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەدارییدا بوونایە؟ ئایا

سەرمایەداری لەمەی ئێستا کەمتر دڕ دەبوو ئەگەر کاروبارەکانی لە ڕێگەی ژمارەیەکی زۆرتر لە ژنانی وەک ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (ئەنگێلا مێرکڵ)ـەوە بەڕێوەببرایە، کە خودی ئەم خانمە [بەهۆی قەرزەکانی ئەڵمانیا لەسەر یۆنان] بەرپرسیارە لە وێرانکردن و نزمکردنەوەی ئاستی بژێویی ملیۆنان ژنی یۆنانی لە ئێستادا؟ بێگومان ژنانیش مافی خۆیانە سەرۆکایەتیی وڵاتان و بەڕێوەبردنی کۆمپانیا گەورەکان بەدەستەوەبگرن، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری نەرم و نیانتر و مرۆڤدۆستتر بێت.

بێگومان داکشانەوەی ئابووری، کاریگەرییەکەی زیاتر ڕووبەڕووی ژنان بۆتەوە وەک لە پیاوان. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە زەبری کاریگەرییەکانی بەر پیاوان نەکەوتووە، زۆرێکیان بەکۆمەڵ لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە دەردەکرێن، یان لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر دەریشنەکرێن کرێ و موچەکانیان نزمدەکرێتەوە، یاخود بارودۆخی کارکردنیان خراپدەکرێت و خزمەتگوزارییەکانیان لە شوێنی کار کەمدەکرێتەوە، یان هەر بەتەواوی ناهێڵدرێت. هەربۆیە بەرزیی تێکڕای خۆکوشتن لەنێوان کوڕانی گەنجی کرێکاردا، کە لە شوێنێک ئیش دەکەن یان ئیشیان کردووە، باشترین بەڵگەیە لەسەرئەوەی پیاوانیش قوربانیی دەستی سەرمایەدارییین. بەڵام

کێ سوودمەندە لە جیاوازیی کرێ و موچەی نێوان ژنان و پیاوان؟

کەس وانەزانێت بە نزمکردنەوەی موچەی ژنان، موچە و کرێی پیاوانی ئیشکەر بەرزدەبێتەوە. زۆرینەی ئەو خێزانانەی پشت بە یەک کەس دەبەستن بۆ بەڕێکردنی کاروباری بژێوییان، بەهۆی کرێی نزمەوە زۆرێک لە ژنان دەکەونە ناو زەلکاوی هەژارییەوە. سەبارەت بەو خێزانانەش کە پشت بە دوو کەس دەبەستن بۆ دابینکردنی بژێویی خۆیان، نزمیی موچە و کرێ دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی پشکی هەر خێزانێک لە خەرجیی کۆمەڵایەتییدا، لەم بارەشدا هەموو لایەک گیرۆدە دەبن، پیاوان و منداڵانیش، ئەوە هەر ژنان نیین کە بەدەست نایەکسانیی کرێی ژن و پیاوەوە دەناڵێنن. تاکە سوودمەند لەم دۆخە، نە ژنان نە پیاوان، بەڵکو خاوەن کارەکانن.

ئەگەر تەماشایەکی بەلاڕێدابردن و داڕمان و خراپبەکارهێنانی جەستەی ژنان بکەین، تەنها وەک تاوانی پیاوان سەیردەکرێت، لەکاتێکا ئەوە ئەنجامێکی سروشتییە لەژێر سایەی سیستەمێکدا کە هەموو شت دەکات بە کاڵا و کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکات. بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو گۆڤار و بابەتەی گرنگیی بە ژیانی پیاوان و بچوکترین وردەکارییەکانیان دەدەن، دەریدەخات کە تا

چی ڕادەیەک دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەیانەوێت سوود وەربگرن لە بە کەم تەماشاکاردنی پیاوان لەلایەن خۆیانەوە و نەبوونی متمانە بە خۆیان. جیاکارییەکە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای جۆر و ڕەگەز نییە، واتە لەنێوان ژن و پیاودا، بەڵکو لەسەر بنەمای توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکەی ژن و پیاوە. ستەم و چەوساندنەوەی ژنان، لەناو چینەکانی یەک کۆمەڵگەشدا جۆراوجۆرە و فۆڕمی جیاجیا وەردەگرێت و ڕادەی توندوتیژییەکەشی دەگۆڕێت. [بۆ نموونە نابینیت ژنانی چینە باڵاکان خەمی موچە و کرێی خۆیان و هاوسەرەکانیان بێت. واتە کێشەی ژنان لە ڕاستیدا کێشەی ژنان و پیاوانی چەوساوە و خوارەوەی کۆمەڵگەیە پێکەوە، لەگەڵ ژنان و پیاوانی سەرەوەدا، کە ئەوان بەشی ئەمانیشیان بردووە بە ژن و پیاوەوە، نەک تەنها ژن].

(*) کرێکار مەبەست لە مانا باوەکەی کرێکار نییە، بەڵکو هەم ئەو جۆرە کرێکارەش دەگرێتەوە، هەم گشت کارمەند و فەرمانبەر و دکتۆر و ئەندازیار و شۆفێرێکیش دەگرێتەوە، کە لە بەرامبەر کرێیەک، یان موچەیەک، یان برێک پارەدا، بەشێک لە وزە و کاتی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارە تەرخاندەکات. (وەرگێڕ).

سەرچاوە: سایتی سۆسیالیستە شۆڕشگێرەکان

# ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی ڕووسیادا

**لویس ئۆشی**

**لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد**

شۆڕشی ڕووسیا نەک تەنها ژیانی ژنانی گۆڕی، بەڵکو هەروەها لێدانێکی کوشندەش بوو لە سێکسیزم کە تا ئەو ڕۆژگارە هەرگیز هاوشێوەی ئەمە ڕوووینەدابوو، تەنانەت تا ئەمڕۆش مەسەلەی تەڵاق، لەباربردن، کرێی ژنان، سێکسیزم، نەک تەنها وەک ئەوەی پێیدەڵێن جیهانی سێیەم و ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر نەکراوە، بەڵکو لەجیهانی سەرمایەداریی نیۆلیبراڵیشدا بەڕێژەی بەرچاو ماوەتەوە؛ تا ئەمڕۆش ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو دەکەونە بەر هێرشی سێکسیزم و چەوساندنەوە و هەموو بەرهەم و لێکۆڵینەوەی بیرمەندانی ئەم بوارە تا ئەمڕۆ دەریدەخەن، جیهانی ئەمڕۆی سەرمایەداریی، بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە بگاتە ئاستی شۆڕشی کرێکارانی 1917–وەرگێڕ].

پێشکەوتنەکانی ژنان لەمیانەی مانگەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 – وەک لەباربردنی خۆڕایی بۆ ئەوانەی خۆیان داوای دەکەن، یاساییبوونی ژیانی هاوبەش بەبێ تۆمارکردنی حکومی، ئازادیی مافی جیابوونەوە (تەڵاق)، گەرەنتیی پشتیوانیی دەوڵەت لە ژنانی بێ سەرپەرشت و منداڵەکانیان، لابردنی یاسای ناشەرعیی منداڵ، کرێی یەکسان، مۆڵەتی دایکانە بۆ هەموو ژنان، لابردنی سزا لەسەر هۆمۆسێکسوالیی، لابردنی تەمەنی گەشەی سێکسی، توانا





کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەکان بە بودجەی دەوڵەتیی وەک خواردنە گشتییەکان، شوێنی جلوبەرگ شۆری لە ماڵەکان و دایەنگا سەرتاسەری و خۆڕاییە حکومییەکان – لەو جۆرە هەنگاوانەیە کە تا ئێستاش دوای 9 دەیە، هێشتا هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە بەتەواوی بگات بەم دەستکەوتانە.

بەڵام ئەم سەرکەوتنانە، وێڕای هەموو پێشڕەوبوونیان، تەنها بەشێکی حیکایەتەکەن. گۆڕانی هەلومەرج و پێگە و دەرکی ژنانی کۆمەڵگای ڕووسیا بەهۆی بەشداریی جەماوەرییان لەتەنیشت پیاوان و لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا دژی ڕژێمی قەیسەری و ئەو خاوەن کارانە بوو کە ژنانی مەحکوم کردبوو بە کارکردن لە هەلومەرجێکی نائینسانی و سێکسیزمدا.

وەرچەرخانی گەورە لە ئاراستە و وەزیفەکاندا کە ئەنجامی حەتمیی بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی دیموکراتییانەی کۆمەڵگا بوو لەلایەن چینی کرێکارەوە، ئەم قسەیەی لینین پشتڕاست دەکاتەوە، کە گوتبووی شۆڕشەکان، لەناو دڵی خۆیاندا، "کەرنەڤاڵی خەڵکی زەحمەتکێش"ن. ئەمە ژنانی کرێکار بوون تیشکی شۆڕشی شوباتی 1917یان ڕۆشن کردەوە. ژنانی کرێکار بەبێ ئەوەی وەک هاوڕێ پیاوەکانیان بە وریاییەوە بجوڵێنەوە، لە ڕۆژ جیهانیی ژناندا دەستیان لەکار کێشایەوە و

بە ڕێپێویان لە شەقامەکانی پیترۆگرادا داوایان لە هەموو خەڵک کرد پەیوەندییان پێوە بکەن. ئەوان بەیەک دەنگ داوای کۆتاییهێنان بە جەنگ، گرانیی، برسێتیی، و مەحرومییەتی کرێکاران کرد.

یەکێک لە وەسفەکانی ئەو ڕۆژگارە پیشانی دەدات کە چۆن "ژنان بەشێوەی گرووپیی، هەموو ئامرازی کاریان وەلانا، ئاشەکانیان بەجێهێشت و بەخێرایی و ئامانجخوازانە بەشێوەیەکی دەستەجەمعیی لە کارگەیەکەوە بەرەو کارگەیەکی دیکە ڕۆیشتن... ژنان سوودیان لەهەرشتێک وەردەگرت کە بەدەستیان دەگەیشت (بەرد و تۆپەڵە بەفر و دار و هتد)، دەرگا و دیواری کارگەکانیان شکاند و دەستیان بەسەر هەموو کارگە و باڵەخانەکاندا گرت.

کارەکانی ژنانی کرێکاری کاتالیزۆر بۆ کرێکارانی دیکە ئەنجام درا تا نەک تەنها پەیوەندیی بە مانگرتنی ئەوانەوە بکەن، بەڵکو دەستبکەن بە بونیادنانی بناغە دیموکراتییەکانی خۆیان بۆ تەحەداکردنی ڕژێم، خاوەن کاران و جەنگ کە دەوڵەمەندان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بوون کرێکارانی بێشومار بکەنە قوربانی و ژمارەیەکی زۆر زیاتر هەژار بکەن. لە مانگی ئۆکتۆبەر، ئەم بناغە و پێکهاتانە بەناوی شوراکان (سۆڤێتەکان)، توانیان دوایین

پاشماوەی حکومەتی سەرمایەداریی بڕوخێنن و حکومەتی کرێکاریی دابمەزرێنن.

بەهۆی جەنگەوە، ژنان ڕێژەیەکی بەرچاوی هێزی کاریان پێکدەهێنا، کە لە پیترۆگراد دەگەیشتە لە 40% و بەشداریی چالاکانەی ژنان لەوێ هۆکاری یەکالاکەرەوەی سەرکەوتنی شۆڕش بوو. مادام بەشداریکردن لە شوراکاندا خۆویستانە بوو، فراوانیی ڕێز و ڕەفتار لەبەرانبەر هەمووان لە بزووتنەوەکەدا، ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبوو.

ئەم ڕۆڵەی ژنان لە شۆڕشدا بووەهۆی بردنە ژێرپرسیاری چەوساندنەوەی ڕەگەزی و سێکسیزم کە ئەم دیاردەیە زۆر دەمێک پێش شۆڕش بوونی هەبوو. ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت ژنان بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت لە ماڵەوە بن، دەبێت منداڵان بەخێو بکەن و یان دەبێت خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی پیاو بکەن، هەموو ئەم بیرۆکانە بە پێچەوانە و دژی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران لەقەڵەم دران.

یەکێک لە ڕابەرانی ژنی بەلشەڤیی ئەم دیاردەیەی سێکسیزمەی لە میتینگێکی لاوانی شۆڕشگێڕیدا بینی. ئەو دەڵێت: یەکێک لە بابەتەکانی ئەو ڕۆژە بریتی بوو لەوەی هەموو ئەندامان دەبێت فێری دروومان بن، کە لەو کاتەدا کوڕێکی لاوی بەلشەڤیی

دەڵێت: "بۆچی دەبێت هەمووومان فێری درووومان ببین؟ دیارە دەبێت کچان فێر ببن، چونکە لە داهاتوودا ئەوان دەبێت بتوانن قۆپچەی پانتۆڵی هاوسەرەکانیان ببەستن؛ بەڵام بۆ دەبێت ئێمە فێری ببین؟".

خستنەڕووی ئەم ڕستانە تۆفانێکی تووڕەیی بەدوای خۆیدا هێنا. نەک تەنها کچان، بەڵکو هەمووان تووڕە و کەڵلەیی ببوون و لەسەر کورسییەکانیان ئارامیان نەدەگرت، "دەبێت بۆ هاوسەرانیان قۆبچە ببەستن؟ مەبەستت چییە؟ ئایا دەتەوێت درێژە بە یاساکانی کۆیلەیی ژنان بدەیت؟ هاوسەرێک، هاوڕێیەکی هاوسەرەکەیەتی، نەک خزمەتکارێک". لە کۆتاییدا ئەو کوڕە لاوەی ئەم قسەیەکی کردبوو، بەناچاری پاشەکشەی لە قسەکەی خۆی کرد.

مادام بەلشەڤییەکان پابەندترین هێزی سیاسیی پەیوەست بە دەسەڵاتی کرێکاران بوون لە 1917دا، بۆیە ڕێکخراوێک بوون زۆرترین هەوڵی خۆیان بۆ ڕێکخستنی کرێکارانی ژنان تەرخان دەکرد. ئەوان لەنێو ژنانی جلشۆر و هاوسەری سەربازان، واتا دوو گرووپی سەرکوتکراوترینی ژنان، دەستیان بە ڕێکخستن کرد. ئەوان گەلێک نامیلکە و ئەدەبیاتیان بڵاودەکردەوە کە باسی هەلومەرجی تایبەتی ژنانی کرێکاری دەکرد. بەلشەڤییەکان لە

پەیوەندیی نێوان چارەنووسی دەسەڵاتی کرێکاران و ئازادیی ژنان تێگەیشتبوون.

لە مانگی ئۆکتۆبەردا، ژنان بەشداریان لە ڕاپەڕیندا کرد و پەیوەندییان بە سوپای سورەوە کرد. ئەوان لە تەنیشت هەمووواندا هێرشیان بردە سەر کۆشکی زستانی. ئەلێکساندرا ڕۆدیڤینۆڤا کرێکارێکی لاوی بەلشەڤیی بوو کە بەرپرسیارێتیی هەماهەنگیی کرێکارانی ترامی پترۆگرادی لەئەستۆ بوو. ئەلێکساندرا ئەو کاریگەرییە قوڵەی شۆڕشی ڕووسیا لەسەر ئەو و کەسانی دیکە هەیبوو، بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە: "هەستم دەکرد هەموو ژیانم کە پێی گەورە ببووم، دەپچڕا و لێک دەترازا و من لەم دابڕان و ترازان و لەناوچوونەیەدا، هەستم بەخۆشی و شادی دەکرد".

دواجار لە سۆڤێتدا هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕش لەناوچوون. دژەشۆڕشی ستالین هەموو پاشماوەی دەسەڵاتی کرێکارانی وێرانکرد و بەم لەناوبردن و وێرانکردنە دەستکەوتەکانی ژنانیش لەناوبران. بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک بە مانای ڕەتکردنەوەی دەستکەوتە شۆڕشگێڕییەکانی کرێکاران نییە لە ساڵی 1917دا. ئەم شۆڕشە دەسەڵاتی تێگەیشتن لە پۆتێنشیەڵی شۆڕشە کرێکارییەکانی بە ئێمە بەخشی؛ ئەو شۆڕشانەی هەموو

فۆرمەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی ڕووبەڕووی تەنگژە و تەحەدا دەکەنەوە.

ڕۆڵی جەماوەرانی کرێکاران، بەتایبەت ژنانی کرێکار، لە زۆربەی وەسفە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی شۆڕش لابراوە و یان لەبەرچاو ناگیرێت و فەرامۆشکراوە. ئامانجی ئەم مێژوونووسانە بەگشتیی بریتییە لە بێ ئیعتیبارکردن و بێ بەهاکردنی سیاسەتی ڕادیکاڵ و ئەکتی جەماوەری و تەسلیمبوون و خۆڕادەستکردنی هەلومەرجی باڵادەست. بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی 1917 ئەوەی سەلماند ئەڵتەرناتیڤی سەرمایەداریی بوونی هەیە.

ژنان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەوەیان پیشاندا کە چۆن ستەملێکراوان دێنە سەر سەکۆی شانۆکە و لە خەباتێکی شۆڕشگێڕیدا کۆمەڵگا دروست دەکەن، چۆنچۆنی سێکسیزم لە مەیدانێکی گشتیدا ڕووبەڕووی تەحەدا دەکەنەوە و چۆن چینی کرێکار دەتوانێت هێرش بکاتە سەر ڕۆح و دڵی هەموو فۆرمەکانی ستەم و چەوساندنەوە. تێگەیشتن لەم پرۆسەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ئازادیی ژنان هەیە، کارێکی تەواو زەروورییە.

# جەستەی ئایدیاڵ و پێرفێکت

## لە سیستەمی سەرمایەداریدا


**ئێزا ئال ماسری**


**لە ئینگلیزییەوە: هێمن خالید**

دەخوازم قەشەنگ بم، جوانپۆش بم، باریک و لاوازبم ، وەک ئەو کچانەی لە گۆڤارەکان دەیان بینم، وەک کچانی ناو ڕۆمانە پۆپیولارەکان، وەک ئەوانەی ناو تیڤی و ڕیکلامەکان. ئەریٚ ئەوان دلڕفێن و سەرنجڕاکێش نین؟ چۆن فیگەر و شێوەیان بەو جۆرە دەهێڵنەوە؟ ئەوان ئایدیاڵ و مۆدێلی منن. ئا بەم جۆرەیە بێشومار ژنان و تەنانەت کچانی تەمەن یازدەساڵیش خەون و ئارەزوویانە وایان لێبێت. دەیانەوێت بەهەرنرخێک بێت، فیگەری ئەو ژنە نەناسراوانە لەخۆیاندا بەرجەستەکەن و هاوشێوەی ئەو ژنە فابریک و ساختانە ببنە بابەتی ئارەزووی پیاوان. چۆن پێیان بڵێین کە تەنانەت ئەو ژنانەی لەسەر کەڤەری گۆڤار و ناو ڕیکلامی تیڤیەکاندا دەردەکەون، واقیعی و ڕاستەقینە نین. ئەوان بە دروشم و بیرۆکەی هاندەر بۆ کڕینی زیاتر و زیاتری کاڵاکان، بەنج دەکرێن تا خۆیان لەو ژنە ماشێن و ڕۆبۆتیانەی سەر شاشەی تیڤیەکان و بەرگی گۆڤارە بریقەدارەکاندا، بتوێننەوە. لەبەرئەمە، تا چ مەودایەک هەبوونی سایزی جەستەی پێرفێکت و کامڵ، هەڵبژاردە و خواستی ژنانە؟ ئایا واقیعەن ژنان دەیانەوێت خاوەنی جەستەیەکی پێرفێکت و ئایدیاڵ بن یاخود ئەمە سەرمایەداریە ئەوەی دەویت؟ لەڕاستیدا سەرمایەداری بە یارمەتی کلتوری مەسرەفگەرایی و ئەدەب و ڕیکلامکردن و لەڕێگای دروشمەکانی بەرهەمی مارکێت و بەرهەمهێنانەوەی

وێنا کاڵایەکان، خورافەی جوانی پێرفێکشن بەژنان دەفرۆشێتەوە. مارکس و ئەنگڵس ئایدۆلۆژیا وەک ئاگایەکی ساختەی جێبەجێکراو بەسەر خەڵکدا کە شەرعیەت بە چەوسانەوەکەیان دەبەخشێت، پێناسەدەکەن. واتا وزەیەکی هەڵە و ساختەیان تێدا ناونشین دەکات و لەهەمان کاتیشدا هێز دەبەخشێتەوە ئایدیای حاکم. ئەمە لە کتێببەکەی نەوامی وۆڵف ( ئوستورەی جوانی : چۆن وێناکانی جوانی دژ بە ژنان بەکاردەهێنرێن ) دووبارە ئاماژەی پێکراوەتەوە. لەڕاستیدا وۆڵف بەباکارهێنانی بۆچوون و ڕێبازی مارکسیستی و فۆکۆیانە قسە لە ئایدیای جوانی دەکات؛ وەک پەرچەکردارێکی توندوتیژی نێرانە دژ بە بزوتنەوەی فێمێنیزمی کە گەرەنتی ئازادی سیاسی و وەچەخستنەوەی بۆ ژنان کردووە. ئەم ئوستورەی جوانیە لەڕێگای کلتوری مەسرەفکردن و ماس میدیاوە بەهێزکراوەتەوە و ئامرازێکی هاوچەرخە کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ژنانی خستۆتە ناو داوی بازنەیەکی نەفرین لە ترس و هەست بە تاوان کردن و شکست. سەرمایەداری سیستەمێکی ئابوری و سیاسیە کە قازانج گرنگترین و تاکە ئامانجیەتی. ئامرازەکانی بەدەستهێنانی ئەم قازانجە ڕوون و پوختن ؛باوەڕ بەخەڵک بێنە ئەوشتەیان دەوێت کە دەفرۆشرێت. سەرمایەداری _ بەتایبەتیش سەرمایەداری ئەمریکی _ لەو جیهان بینیە تاک لایەنەوە حوکم

دەکات و بریتیە لە دۆگمای نوخبە و دەوڵەمەند و پاسەوانەکانی، هەروەها ئازار و مەینەتی ئەو چینە بەدبەختانەیە کە لە ئیمتیازاتەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە مەحرومکراون. بەمانایەکی تر ئایدۆلۆژیای باڵادەست ئایدۆلۆژیای چینی حاکمە، کە مارکس و ئەنگڵس لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی) دەیخەنەڕوو. ئەم تیۆرە، کە دەکرێ بەسەر کۆمەڵگای ئەمڕۆشدا جێبەجێ بکرێت، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئایدیاکانی مەسرەفکردن و ئامانج و ئارەزووەکانی چینی سەرو وەک جۆرێک لە ئاگایی لەلایەن چینی حاکمەوە لەناو جەماوەردا ناونشین کراون تا دەسەڵاتێکی نادیاریان بەسەر جولانەوە و بەکاربردنیان لە کۆمەڵگادا پێببەخشێت. مارکس و ئەنگڵس بەهۆی دەرخستنی پەیوەندی وابەستەیی نێوان دەسەڵات و چینی ئابوری، هەرچۆنێک بێت خاڵێکی دەستنیشانکەر سەبارەت بە هەلومەرجی کۆمەڵگا خۆرئاوایەکانی سەرەتای سەرمایەداری پێشکەش دەکەن کە لەڕێگای گلۆبالیزەیشن و بەشێوەیەکی سەرەکیش لەڕێگای بەکارهێنانی ماس میدیاوە، پڕوپاگەندە بڵاودەکەنەوە. بەمانایەکی تر ئەم بیرمەندانە، وەک جۆرێک لە ئایدۆلۆژیا کە لەلایەن چینی باڵادەستەوە لەگەڵ سایک و ڕۆحی چینی خوارووەدا جێگیردەکرێت و دەستبەجێ لەلایەن خەڵکەوە وەک ڕێککەوتنێکی یونیڤێرساڵی و دیدگایەکی ماقووڵ وەردەگیرێت،

قسەی لەبارەوە دەکەن. واتا هەتاوەکو خەڵک زیاتر لایەنگر و پشتیوانی ئەم ئایدۆلۆژیانەی سەرمایەداران بکات کە خاوەنی سەرچاوە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، زیاتر ملکەچی چەوسانەوە دەبن. بەو مانایە، دەتوانین ئەنالیزەکەی ۆڵف لە ئوستورەی جوانی بە ئایدیاکەی فۆکۆ سەبارەت بە جەستە و ملکەچی لە ڕێگای دەسەڵاتە لۆژیکی و بزێوەکان، ببەستینەوە. ئایدیای جوانی بریتیە لە دۆگمایەکی سیاسیانە کە لەڕێگای مەسرەفگەرایی و ماس میدیاوە خزمەت بە جێبەجێکردن و بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستی نێرینە دەکات. هاوشێوەی ئایدیای مارکس و ئەنگڵس سەبارەت بە ئاگایی ساختە، فۆکۆش لە ( دیسپلین و سزا ) قسە لەبارەی دیسپلینێک دەکات کە زۆر جیاوازە لە بەکارهێنانی توندوتیژی یاخود هێز بەمەبەستی ملکەچکردنی جەستە، بەڵکو بریتیە لە پرۆسەیەک لەخودی خۆیدا لەڕێگای دەسەڵاتە لۆژیکی و بزێوە فۆرمولەکراوەکان کۆنترۆڵی جوڵەکانی جەستە دەکات و جەستە خۆیشی بەهۆی پێگە فەرمی و ئۆتۆریتەوەکانەوە تەحریک کراوە و لەناو دامەزراوە گشتیەکانی وەکو پەروەردە و سوپا و ماس میدیاوە بەرهەم دەهێنرێتەوە. بەمەش فۆکۆ تەرکیز دەخاتە سەر جەستەی کۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندیانەی دەسەڵات کە تەحەکومی بەسەردا دەکات. ئەگەر لە ڕابردوودا” ژیانی نایاب و چێژبەخش

" بە گوزەران کردن و ژیانکردن بناسرێتەوە، ئەوا لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە گۆڕاوە بۆ مەسرەفکردن. لەگەڵ دارمانی یەکێتی سۆڤیەت جیهان لەبەردەم دەسەڵاتی داگیرکاری و ئیمپراتۆری ئەمریکی بەچۆکدا هاتووە. پەرەسەندی خێرای ماس میدیای ئەمریکی و " شێوازی ژیانی ئەمریکیانە" بۆ پەخشکردنەوەی پەیامگەلی بەهێز و نۆرم و بەها و سیستەمگەلێکی باوەڕی، بەتایبەتیش " ژیانی نایاب و چێژبەخش " و مەسرەف کردن، تەرخانکراوە. ژنانی وولاتانی تر پێش دزەکردنی کلتوری ئەمریکی، بە تەوژمی جەستەی مێینەی خۆرئاوایی کاریگەرنەبوون و هەڵگری ئایدیاڵەکانی باریکی و خۆبرسیکردن و مەسرەفگەرایی نەبوون. ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەهەر ڕێگایەک بێت شتەکانی گۆڕیوە. نەوەیەکی تازەی مەسرەفکەری جیهانی، پارەی زیاتر خەرجدەکەن و هاندراون تا بە ستایڵێگەلێکی دیاریکراوی ژیان ڕازی بن کە بۆ سیستەمی پاڵپشتی سەرمایەداری ئەمریکی مایەی قازانجە. لەڕاستیدا ئەم سیستەمە هێز بە کۆمەڵێک بەها دەبەخشێت کە دەیکات بەخاوەن ئیمتیاز بەسەر ئەوانی تردا و جەخت دەکاتەوە لەسەر سەرکەوتنی بازرگانی و فوتێکردنی کۆمەڵایەتی و لە هەمووشیان گرنگتر بەرخۆری و کێبڕکێ کە زەرورن بۆ ڕیالیزەبونەوەی "ژیانی باش" ی ماتریاڵی و ئایدیاڵی " جەستەی

پێرفێکت" کە هەردووکیان دوو ئوستورەن کلتوری مەسرەفگەرایی درێژە پێدەدەن. کلتوری بەرخۆری لەڕێگای هەڵسوکەوتی نەخۆشانەی بەرخۆری و کاڵاپەرستی وەهمی قایلبوون بەرجەستەدەکات. تاکەکان بەو باوەڕە فریودەدات کە پارەی بێشومار و کەڵەکەکردنی شتومەکە مادیەکان خۆشبەختی و ئاسودەیی و ژیانێکی باڵا (هاوسەرگیری دەوڵەمەندانە) دێنێت. لەڕاستیدا، هەندێ جار کلتوری بەکاربەر ئەم ئایدیاڵەی "ژیانی چێژبەخش و باش" لەناو کایەی گشتی و تایبەتی دەخاتەپاڵ ئەم قایلبوونە و گەرەنتی بۆ خۆشبەختی و پەیوەندی پتەو دەکات. تاکە ڕێگاش بۆ ئەنجامدانی ئەمە بریتیە لە بازاڕ_ بازاڕکردنی بەردەوام. واتا کڕینی ئەو کەلوپەلە ماتریاڵیانەی کە لەلایەن مۆدێلە ئایدیاڵیزەکراوەکانەوە ڕیکلامیان بۆ دەکرێت هەرتەنها واتلێناکەن دلڕفێن و کەشخە دەرکەویت بەڵکو خۆت لە ستایلی ژیانی ئەوانیشدا تواندۆتەوە. بیرۆکەی نموونەیی (ئایدیاڵیزەکراو) جەستەی پێرفێکت بانگەشەی وێنایەکی دیاریکراوی بێئەندازە باریکی (ultra thinness ) دەکات کە لەلایەن نوخبەوە قبوڵکراوە و خەڵکی (ئاسایی و عەوام ) بەدوایدا وێڵن. ئەگەر شوێن تێڕوانینی مارکس بکەوین سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا وەک ئاگاییەکی ساختە، ئەوا ئەم ئوستورە ئایدیالیزەکراوانەی " جەستەی پێرفێک " و " ژیانی نایاب و چێژبەخش" ئایدیای چینی

حاکمن واتا جەمعیەی سەرمایەدار و نوخبەکان. ئایدیا باڵادەستەکان کە وەکو عەقڵی باو (common sense ) خۆیان دەشارنەوە بریتین لە تاکتیک و تەڵەیەکی چەوساندنەوە و کۆنترۆڵکردن کە لەگەڵ فۆکۆدا بەهۆی کۆنترۆڵی جەستەی کۆمەڵایەتی درکی ئەمە دەکەین. لەبەرئەوە ئەگەر بێئەندازە باریکی بەتایبەتی لەلایەن ژنانەوە جێگای ئاوات و ئارەزوو بێت ئەوەلەبەرئەوەیە کە مۆدێڵە بەنموونەیی کراوەکانی وەکو بیۆنسێ و کیم کارداشیان ئەم بەها پێوانەیانە پێشدەخەن. ئێمە لە کۆمەڵگایەکی بێئەندازە بەمیدیاکراودا دەژین، کۆمەڵگایەک تێیدا نوخبەیەک دەکات بەخاوەن ئیمتیاز بەسەر ژنان و پیاوانی بێئاگا و لەبەرامبەردا سیستەمگەلێکی بەها و باوەڕیان تێدا ناواخن دەکاتەوە وەک هەوڵێک بۆ بوون بە کەسێکی سەرکەوتو و کاریگەر بەوێنەی مۆدێڵەکانیان " لەبەرئەوەی ئەو مۆدێلانە تەعریفی پێوەری خۆشبەختی و سەرکەوتن و جوانی، دەکەن" . کلتوری مەسرەفگەرای کاریگەری هەیە لەسەر تێڕوانینی جەستەی ئایدیالیزەکراو، لەبەرامبەردا تەسوری ئایدیالیزەکراوی " ژیانی خۆش و چێژبەخش " کە ژن تێیدا ئەو پیاوە پلەباڵایە دەدۆزێتەوە و ژیانێکی ئاسودە لەڕێگای کڕینی ئەو کەلوپەلانەی کە دەیگەیەنن بەو ئامانجە، بەسەردەبات. لەئەنجامدا شێوازی ژیانی ماددیانە بەمەبەستی بەدەستهێنانی وێنەیەکی ئایدیالی،



ژنانی بەرەو پێچاوپێچێکی خولیای بازاڕکردن و ناڕەزاییبوونی بەردەوامی جەستە و ڕێگا مومکینە مەترسیدارەکان، بردووە .

بەئاگا هێنانەوەی ژنان زەروریەتێکە: ژنان پێویستە ببن بە بکەری پەروەردەی میدیایی تا شفرەی ئەو مەسجە هێمایانە هەڵوەشێننەوە کە بڵاوکەرەوە و ڕیکلامەکان لەڕێگای ڕیکلامکردن و نمایشی کاڵاکانیان پەرەی پێدەدەن. بە ئەنجامدانی ئەمەش لەوانەیە بزوتنەوەیەکی نوێی فێمێنیستی وادەرکەوێتە مەیدان کە بۆئەبەد ژیان لە جەستەی ئایدیاڵ و نموونەیی ڕزگار بکات: ژنانی جیهان یەکگرن.